# له پێناوی پەروەردە دا

## _کۆمەڵە وتار_

سەدیق سەعید ڕواندزی

⋆ ناوی کتێب: لە پێناوی پەروەردەدا.

⋆ بابەت: وتاری پەروەردەیی.

⋆ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی.

⋆ نرخ: ١٠٠٠ دینار.

⋆ بەرگ: تەیب موعتەسیم.

⋆ نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم – ٢٠٢١.

⋆ چاپ: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانیٚ _سۆران.

⋆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان،

ژمارەی سپاردنی (٩٤٢ ) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.

# پەروەردە خەمی هەمووان

لە پێناوی پەروەددەدا، دیدی ئێمەیە وەك مامۆستایەك لە بارەی هەندێك پرسی پەروەردەییەوە. بەلاّم دیدێك كە ئامانجی جوانتركردن و بەرەو پێشبردنە، نەك ڕەتكردنەوە و سڕینەوەی ئەوەی هەشە. ئێمە هەرگیز باوەڕمان بەوە نییە، ئەگەر لە نێو لاپەڕەیەكی سەرتاپا ڕەشدا، خالّێكی سپی هەبوو، ئەوا خالّەكە نەبینین. بە پێچەوانەوە، بەلّكو دەبێ هەولّی گەورەتركردن و زەقكردنەوەی ئەو خالّە سپییە بدەین، بۆ ئەوەی دوا جار هەموو ڕەشێتی لاپەڕەكە داپۆشێت. نكۆلّی لەوە ناكرێت كە پەروەردە و فێركردن، ڕۆلّێكی سەرەكی و بنەڕەتی لە پێشخستن و پێگەیاندنی كۆمەلّگە و نەوەكانیدا دەبینێت. چەند پەروەردە سەركەوتوو بێت، چەند پێشبكەوێت، ئەوەندەش كۆمەلّگەیەكی تەندروست، پێشكەوتوو، كراوە و تێگەیشتوو، دروست دەبێت. بایەخی پەروەردە لە هەموو دونیادا، بە

جیاوازی گەشەی ژیاریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بایەخێکی لە پێشینەیە و یەکێکە لەو کایانەی، لە پێشەوەی هەموو ئەجێنداکانی دیکەی دەوڵەت دێت. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ژاپۆن بە سەر لە نوێ ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەکان و بایەخدان بە پەروەردە، توانی لە شکستی دوای جەنگ هەڵبستێتەوە و ببێتە پێشکەوتووترین و داهێنەرترین وڵات لە ئاستی دنیادا. بۆیە پەروەردە سێکتەرێکە، پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەیە و دەروازی پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگەشە. تا پەروەردە نەبێتە خەمی هەمووان، ناتوانین بە گشتگیری لە بایەخی ئەو کەرتە بگەین. لە ماوەی ئەو سی ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا، بایەخێکی زۆر بە کەرتی پەروەردە دراوە، بەڵام هەموو شتێك کۆتایی نەهاتووە. هێشتا لە گەلێك ڕووی میتۆدی و لۆجستی و پەیڕەو و خزمەتگوزاریی پەروەردەییەوە، پێویستیمان بە بایەخی زیاتر و پێشکەوتنی زیاتر هەیە. ئەم بایەخدانە، هەر تەنها ئەرکی حکومەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان نییە، بەڵکو ئەرکی خێزان و

مامۆســـتا و قوتابییـــان خۆشـــییانه. پـــەروەردەکردنی منـــدالّ، ئـــەرك و بـــەر پرســـیاریەتییه و ئـــەو بەرپرسیاریەتییەش لـە خێزانـەوە وەك یەكـەم ئۆرگـانی پـەروەردەیی دەسـت پـێ دەكـات و بـە قوتابخانـەدا تـێ دەپـەڕێت و لـە زانكۆكانـدا دەگاتـە ترۆپـك. بۆیـە چـەند پەیوەندییـەكی بـە هێـز لـە نێـوان خێـزان و قوتابخانـە هـەبێت، ئەوەنـدەش كایـەی پـەروەردە سـەركەوتووتر و نەوەیەكی تێگەیشتووتر بەرهـەم دێـت. بێگومـان ئـەركی توێـژی مامۆسـتایانیش لـەم ڕووەوە یـەكجار قـورس و سەختە، چونكە ئەوان داینەمۆی پـەروەردە و فێركـردنن و لـە سـەر دەسـتی ئـەوان و بـە چـاودێری ئـەوان، قوتابییـــەكی ژیـــر و تەندروســـت و نیشـــتمانپەروەر و ئـازادیخواز، پـێ دەگـات. مامۆسـتایان بـەدەر لـە شوناسـە پیشـەیەكەی خۆیـان، دەبـێ ئـەرك و بەرپرسـیاریەتییە ئـــەخلاقی و پـــەروەردەیی و كۆمەلآیەتییەكـــەیان لـــە بەرچـاو بێـت و بـەو تێگەیشتنەشـەوە بڕواننـە ئـەرك و پیشەیان كە پێگەیاندنی نەوەكانی داهاتووە، نـەك تـەنها كارێكی وەزیفـی، كـە لـە بەرامبەریـدا مـافێكی هەیـە. بـە

داخەوە ئەو پەیوەندییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك پێویست نییە و ئەوەش ڕاستییەکە. گرفتەکانی پەروەردە، ڕەنگە زۆربن و دەرفەتی ئەوەش نەبێت لە زەمینە و هۆکار و چارەسەریان بدوێین، وەلێ لە پەراوێزی ئەو بابەتەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە وەك مامۆستایەك هاوشێوەی هاوپیشەکانم، هەمیشە هەوڵمداوە ئەو ئەرکەی لە سەر شانمانە وەك مامۆستایەك بە خەمخۆریی و لە خۆبردووییەوە جێبە جێ بکەین. ئەمە چ لە نێو قوتابییان و قوتابخانە بێت، چ لە پەراوێزی قسەکردن لە سەر دیاردە و خەوشە پەروەردەییەکان و مێژووی پەروەردەش لە شاری ڕواندز بێت. بایەخی ئێمە وەك مامۆستایەك بە پەروەردە، هەر تەنها لە وانە وتنەوەدا بچووك ناکرێتەوە، بەڵکو لە کوێ گرفت و بەرەو پێشەوە چوونێکمان بینیبێت، هەوڵماندداوە بە نووسین و قسە لە بارەوە کردن، خەوشەکان دەربخەین و جوانییەکانیش بنرخێنین.

سەدیق سەعید ڕواندزی _ ٢٠٢١/٩/١

# خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی مامۆستای باش و سەركەوتوو كێیە؟

یەكێك لە گرفتەكانی بواری پەروەردە و فێركردن لە نێو ئێمەدا ئەوەیە، كە زۆر بە دەگمەن بایەخ بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە دەدەین، كە لە دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن باس لە كایەی پەروەردە و فێركردن دەكەن. بەو مانایەی زۆر جار توێژی مامۆستایان بەدەر لەو میتۆدە دیاركراوەی بۆیان داندراوە، ناچن بە دوای سەرچاوەی دیكەدا بگەڕێن بۆ ئەوەی پاشخانی هزری و پەروەردەیی خۆیان پێ بە بڕشتر بكەن. جێگەی داخە دەبێ بەو پەڕی ڕاشكاوییەوە دان بەوەدا بنێین، كە توێژی مامۆستایان لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، دیارترین ئەو توێژەیە كە ناخوێنێتەوە و بایەخ بە كولتووری خوێندنەوە نادات. بەڵكو هەر تەنها پشت بەو میتۆدە دەبەستێت كە بۆی دیاریكراوە. لە كاتێكدا مامۆستا و

قوتابییانیش بە گشتی، پێویستە بایەخ بە خوێندنەوە بدەن. مامۆستایان نەوەکانی کۆمەڵگە پێ دەگەیەنن و پەروەردە دەکەن، ئەگەر خۆیان پاشخانێکی بە هێزی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زانست و زانیارییان نەبێت، ئاخۆ دەتوانن چی فێری قوتابییان بکەن؟ بۆیە دەبێ مامۆستا گرنگی بە خوێندنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی جۆراو جۆر بدات، بۆ ئەوەی ئاستی زانست و زانیاریی خۆی بەرز بکاتەوە. ئەگەرچی ڕەنگە گونجاو نەبێت لە بەرامبەر دەستەواژەی مامۆستای سەرکەوتوو، مامۆستای سەرنەکەوتووش دابنێین، بەو پێیەی پیشەی مامۆستایەتی، پیشەیەکی پیرۆزە و دەبێ هەموو مامۆستایەك تایبەتمەندی کەسایەتییەکی سەرکەوتووی تێدا بێت، وەلێ نابێ نکۆڵی لەوەش بکەین کە ڕەنگە بە سەدان مامۆستا هەبن، وەك پێویست ئەو ئەرکە پیرۆزەی پێیان سپێردراوە، ڕانەپەڕێنن و کایەی پەروەردە لایان وەك هەر کارێکی دیکەی ژیان، بە ئاسایی سەیر بکەن. بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان چارەنووس و ئایندەی دەیان

نەوەیان لە ژێر دەستە. بۆیە کارەکتەری مامۆستا، بە بڕوای من لە چوارچێوەی شوناسێکی دیاریکراودا پۆلێن ناکرێت، بەڵکو دەبێ دەیان تایبەتمەندی و سیمای کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی هەبن، تاکو بتوانین مامۆستایەکی سەرکەوتوو لە کارەکەی دەست نیشان بکەین. لەو ڕوانگەیەوە، کتێبی (مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟) یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی کە بە پشت بەستن بە سەدان سەرچاوەی پەروەردەیی، مامۆستای سەرکەوتوو دیاری دەکات. ئەم کتێبە، دەلیڤەیەکی چاکە، کە بە هۆیەوە مامۆستایان ئاشنای ئەو تایبەتمەندییانە دەبن، کە دەبێ لە مامۆستایەکی سەرکەوتوودا هەبێت. ئەم کتێبە، لە چەند پاژێکی جیاواز پێکهاتووە، لە هەریەك لەو بەشانەش، نووسەر بە وردی و خاڵ بە خاڵ، ئەو بابەتانە باس دەکات کە پەیوەندییان بە پیشەی مامۆستایەتییەوە هەیە. بە بڕوای نووسەر، بۆ ئەوەی بتوانین مامۆستای باش و سەرکەوتوو دیاری بکەین، بە تەنها بوونی خەسڵەتێك نابێتە پێوەر بۆ ئاستی

هەوراز کتێب

سەرکەوتوویی مامۆستا، تەنانەت ئەگەر زۆر زیرەك و شارەزاش بێت لە بواری پسپۆڕیەتی خۆی. بەڵکو مامۆستای سەرکەوتوو دەبێ هەموو ئەو خەسڵەتە دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەی تێدا بێت، کە پەیوەندییان بە نێوەندەکانی خوێندن و قوتابییان و چۆنیەتی وانە وتنەوە هەیە. مامۆستای سەرکەوتوو، دەبێ لە یەك کاتدا کەسێکی ( لێهاتوو، شارەزا، پڕ زانست و زانیاریی، بیرکراوە ، ڕەخنەگر، ڕاشکاو، خۆشەویست لە نێو قوتابییان، دڵسۆز بۆ پیشەکەی، ڕاستگۆ و بوێر، دادپەروەر و یەکسانخواز لە نێوان قوتابییان، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی کراوە، کارکردن بە پلان، ساغڵەم لە ڕووی دەروونی و هزری، پابەندبوو بە کات، خوێنەرێکی بەردەوامی کتێب، میهرەبان و بەخشندە، خاکی و خۆشەویست، ئاگاداربوو لە پێشکەوتنەکانی سەردەم، هەڵگری بیرێکی چاکخوازی، ڕاستکردنەوەی کەموکورتییەکان لە سەر بنەمای بونیادنانەوە، ئاییندە خواز و خەونی گەورەی هەبێت، هاندەر و پاڵپشتی قوتابییان) ئەمانە و چەندین

خەسڵەتی دیکەش بێت. بوونی ئەو هەموو سیما پەروەردەییانە لە کەسیەتی مامۆستادا، دواجار لە ڕێگەی پێگەیاندنی قوتابییانەوە و لە میانەی ئەو پەیوەندییەدا، ڕەنگدانەوەیان لە سەرکەسیەتی قوتابی لە داهاتوودا دەبێت. بەو پێیەی منداڵ تا ئەندازەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریەتی مامۆستا دایەو هەر شتێك ئەو فێری بکات، زۆر بە وردی و بایەخەوە وەریدەگرێت.

بەڵام وێرای هەموو ئەو خەسڵەتانەش، دیارترین سیمای پەروەردەیی کە دەبێ لە کارەکتەری هەموو مامۆستایەکی سەرکەوتوو و بونیادنەردا هەبێت بێ جیاوازی، دوورکەوتنەوەیە لە هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی و ڕوحی بەرامبەر بە قوتابییان. هەرگیز نابێت مامۆستای سەرکەوتوو، بڕوای بە شێوەکانی توندوتیژی بۆ فێرکردنی قوتابییان، (بەداخەوە وەك ئەوەی لە نێو ئێمەدا باوە) هەبێت. نابێ مامۆستا بە هیچ جۆرێك شکانەوە و ڕووشانەوە، دەستەواژەی ناشرین، لێدان بەرانبەر بە قوتابی بە کاربێنێت، چونکە ئەمە

هەواڵنامەی کتێب

تێکشکاندنی کەسیەتی منداڵە لە سەرەتای پەروەردەکردنیدا. بەڵکو دەبێ بە ڕێگەی دیکەی جیاواز، هەوڵی گۆڕینی خورەوشتی ئەو قوتابییانە بدات کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەوڵی تێکدانی کەشی پۆل و قوتابخانە دەدەن، چونکە ئەرکی مامۆستا پەروەردەکردنە دواتر فێرکردنە، بۆیە مامۆستای سەرکەوتوو لە پیشەکەی، هەرگیز پەنا ناباتە بەر شێوەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە قوتابییان و بگرە هەر باوەڕیشی پێ نییە. بابەتێکی دیکەی نێو کتێبەکە ، ئەویش پەیوەستە بە باری دەروونی مامۆستا و حاڵەتەکانی تێکچوونی دەروونی وەك:_( نائومێدی و بێهوودەیی و سترێس و زۆر حاڵەتی دەروونی دیکەش) نووسەر لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستاش وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی نێو کۆمەڵگە، ئاساییە ڕووبەڕووی حاڵەتێکی دەروونی بە هەر هۆکارێکەوە بێت ببێتەوە، بە تایبەتش لە سەردەمێکدا کە سەردەمی ئاڵۆزبوونی ژیان و نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بە خودگەرایی بوونی مرۆڤەکانە، بەڵام

نـابێ ئـەم حاڵەتـە دەروونییـە، بگاتـە ئاسـتێك کـە ڕەنگدانەوەی لە سەر هەڵسوکەوتی مامۆستا و مامەڵەی ڕۆژانـەی لـە نێـو قوتابییـان و قوتابخانـەدا هـەبێت. کـاتێکیش ئەمـە بـووە نەخۆشـییەکی دەروونـی، ئـەوا پێویستە ڕێگە چارەسەرییەکانی بگیرێتـە بـەر بـۆ ئـەوەی حاڵەتەکـەی بـەرە و ئـاڵۆزبوونی زیـاتر نەچـێت. لـەو ڕوانگەیەشـەوە نووسـەر جـەخت لـەوە دەکاتـەوە، کـە دەروون دروستی و تەندروستی جەستەیی مامۆستا، دوو لایـەنی گرنگـی پێکهاتـەی کەسـیەتی مامۆسـتان و دەبـێ مامۆسـتایان لـە ڕووی جەسـتەیی و دەروونییـەوە بـە جۆرێـك ساغڵەم بـن، کە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییان پێـوە دیار نـەبێت. مامۆستا ناتوانێت بە بارودۆخێکی دەروونـی ئـاڵۆزەوە، وانـە بـە قوتابییـان بڵێتـەوە و پـەروەردەیان بکـات. بۆیـە یـەکێك لـە سـیفەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە، کە لە ڕووی دەروونـی و جەستەییەوە، کارامـە بێـت و بتوانێـت ئـەو ئەرکـەی لـە سـەر شـانیەتی بـە ڕێکـوپێکی و سـەرکەوتووییەوە جێبـەجێی بکـات. لـە بەشـێکی دیکـەی کتێبەکەشـدا،

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر باس لە بنەماکانی ڕەخنەگرتن و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی پۆل و چەند بابەتێکی دیکەش دەکات. بە گشتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ توێژی مامۆستایان گرنگ و پێویستە، چونکە چەندین باس و بابەتی پەروەردەیی تێدایە، کە خوێنەوەیان کۆمەکێکی باشی مامۆستایان دەکات، لەوەی کە چۆن و لە چ کاتێکدا دەبنە نموونەی مامۆستایەکی سەرکەوتوو لە پیشەکەیاندا. دواجار دەستخۆشانە لە برای نووسەرم، جگەرسۆز پێندرۆیی دەکەم. بە ڕاستی زۆربەی زۆری نووسینەکانی ئەگەر نەڵێم هەمووی، لە خزمەت کایەی پەروەردە و فێرکردن و جڤاکدایە کە زۆر پێویستن بۆ نەتەوەیەکی وەکو ئێمە.

★ پەراوێز: ناوی کتێب: مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟ نووسینی: جگەرسۆز پێندرۆیی، ساڵی چاپ ٢٠١٠_هەولێر.

★ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ژمارە (٣٠٨٢) ی ڕۆژی ١٤-٥- ٢٠١٩ بلاّوکراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بواری پەروەردە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا ئەوەیە، کە هەمیشە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە داندراوە دەبینین، کە وەك میتۆدێکی فێربوون بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دیاریکراوە. واتە بڕوامان وایە ئەوەی لە دوو توێی پەرتووکەکانی خوێندن دایە، بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی نەوەیەکی خوێندەوار، ئاست بەرز و داهێنەر و زانستخواز، بەرهەم بهێنین. لەو ڕوانگەیەشەوە، زۆر بە دەگمەن بایەخ بە کولتووری خوێندنەوە و گرنگیدان بە سەرچاوەکانی دەرەوەی میتۆدی خوێندن دەدەین. بە داخەوە و بە نیگەرانییەکی قووڵەوە دەبێ ئەوە بڵێین، کە توێژی مامۆستایان لە دیارترین ئەو توێژانەن کە ناخوێننەوە. واتە پەرە بە بواری پسپۆڕایەتی خۆیان لە هەر ڕوویەکەوە بێت نادەن. مرۆڤیش کە نەیخوێندەوە، کە

هەواڵنامەی کتێب

سەرچــاوەی هــزری و ڕۆشــنبیری خــۆی بــە زانیــاری جۆراوجــۆر بــە بڕشــت نــەکرد، ئــەوا ئــەوەی دەیزانێــت کۆمەکی ناکات بۆ ئەوەی تا سەر بەردەوام بێت. بۆیـە لـە پــەراوێزی بابەتــە دانــدراوەکانی خوێنــدن، گرنگــە مامۆستایان بە دوای سەرچاوەی تر دابچن و خوێندنـەوە بکەنـە بەشـێك لـە پێداویسـتییەکانی ژیانیـان. ئەگـەر مامۆســتا خــۆی فەرهــەنگێك نــەبێت لــە زانســت و ڕۆشـنبیری، ئـەوا چـی فێـری قوتابییـەکانی دەکـات کـە نــەوەی دواڕۆژی کۆمەڵگــەن. کتــێبی (وانــەی کاریگــەر) دیـارترین ئـەو کتێبەیـە، کـە کۆمـەکێکی هـەرە گرنگـی مامۆستایان دەکات لە چۆنیەتی شێوازەکانی وانە وتنـەوە و پەیوەنــدی لەگــەڵ قوتــابی و ڕاســپاردەکانی ژیــانی مامۆســتایەتی، کــە بایــەخی تایبــەتی خــۆی هەیــە بــۆ مامۆســتا و پــەروەردەکاران بــە تایبــەتی. ئــەم کتێبــە، ڕاوێـژکاری یۆنسکۆ(مادلین شـێربان) ئامـادەی کـردووە و (ئـازاد حەمـە شـەریف) وەریگێـڕاوە، ناوەڕۆکەکـەی لـە بیســت و شــەش وتــار پێکهــاتووە، کــە نووســەر بــە دیکۆمێنتـەری نـاوی بـردوون و شـرۆڤەی کـردوون. لـە

هەواڵنامەی کتێب

هەریەك لەو وتارانەش، نووسەر تیشك دەخاتە سەرچەندین لایەنی بواری فێرکردنی قوتابییان و پەروەردە و شێوازەکانی کارگێڕی و پەیوەندی نێوان قوتابییان و مامۆستایان و ڕێگاکانی بەڕێوەبردنی پۆل و چەندین بابەتی تر. یەکێك لەو بابەتانە، بە ناوی دە ڕۆژی یەکەمی ژیانی مامۆستایەتییە. نووسەر لەو وتارەیدا، چەند ڕێنمایی و ڕاسپاردەیەك بۆ ئەو سەرەتایە دەخاتە ڕوو کە هەنگاوی یەکەمی چوونە نێو پرۆسەی پەروەردە و دنیای پاکی منداڵانە. لەو ڕوانگەیەوە چەند تایبەتمەندییەك دیاری دەکات. یەکێکیش لەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە، کە مامۆستا پلانی وانە وتنەوەی گونجاوی هەبێت کە لەگەڵ ژینگە و ئاستی تێگەیشتنی قوتابییان بیگونجێنێت. ئەم پلانە بە بڕوای نووسەری کتێبەکە، سەرەتا وا باشە پلانێکی کورت بێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە لەوەی کە دەتوانێت بەو ڕێگەیەوە هەموو قوتابییان تێ بگەیەنێت، ئەگەر سەرکەوتوو بوو، دەتوانێ بیکاتە پلانی ستراتیژی و درێژخایەن. خاڵێکی دیکە دەبێ  هانی قوتابییان بدات

و گیانی هیوا و ئومێدییان لە ناخدا بچێنێت. هەروەها گرنگی بە کاتی دیاریکراوی وانەکان بدات و ڕێز لە کات بگرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی کە مامۆستا پێویستە گرنگی بە سیما و پۆشاکەکانی بدات و شکۆ و جوانییەکی تێدا بێت لە ڕووی شیکپۆشییەوە. چونکە مامۆستایان لە یەکەمین دەرکەوتن و بینینیاندا، دەبنە جێگەی سەرنج و هەڵوەستەی قوتابییان و یەکەم دیدەنیان لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی کاتێ مامۆستا سەرەتا و بۆ یەکەم جار ئاشنای قوتابییان دەبێت، قوتابییان بە سەرسامی و سەرنجەوە لێی دەڕوانن. دواتر سیفەتەکانی مامۆستا لە چەند ڕاسپاردەیەکی دیکەدا چڕ دەکاتەوە کە گرنگترینیان هەبوونی پەیوەندییەکی تەندروستە لە نێوانیان. هاوکات مامۆستا دەبێ ئاگاداری زانستەکانی سەردەم و پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی ژیان بێت. بۆ ئەوەی لە میانەی کاری پیشەییانەی خۆی سوودی لێ ببینێت. نابێ کەسێك بێت تەنها بۆ زانیارییەکانی پشت بە بابەتەکانی خوێندن ببەستێت. دەبێ بە دواداچوون بۆ

ئاستی زانستی قوتابییان بکات و نابێ قوتابییەك ئەگەر لە بەر هەر هۆیەکەوە بێت، ئاستی چەند نمرەیەك لە خوار قوتابییانی تر بوو پشتگوێی بخات. بەڵکو دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششێکی لەگەڵ بدات بۆ ئەوەی ئاستی ئەو قوتابییەش بەرز بکاتەوە. دەبێ فێربوون بکاتە چەقی پرسەکان، نەك بە هەر پاساوێکەوە بێت، گرنگی بە بەشێکییان بدات و هەندێکیشیان پەراوێز بخات. چونکە هێنانە کایەی دادپەروەری لە نێوان قوتابییاندا، دیارترین سیفەتی مامۆستای سەرکەوتووە. بابەتێکی دیکەی نێو کتێبەکە، شێوازی بەڕێوەبردنی پۆلە لەلایەن مامۆستاوە. واتە ئەو مەرجانە چین بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت پۆل بەرزەفت بکات دوور لە ڕێگاکانی توندوتیژی، تا بتوانێت وانەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش بە قوتابییانی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ پلانی ڕۆژانە پراکتیك بکات، کات لەگەڵ ناوەڕۆکی وانەکان هاوسەنگ بکات. نابێ مامۆستا بۆشایی لە پۆل دروست بکات تەنانەت ئەگەر وانەکەش تەواو بێت. بەڵکو دەبێ ئەو کاتە بە بابەتی دیکەی سوودمەند بۆ قوتابییان پڕ

هەوڵنامەی کتێب

بکاتەوە. چونکە بوونی بۆشایی لە پۆل، هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ژاوە ژاوە و گەڕەلاوژێ. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەبێ مامۆستا نزیك بێتەوە لە قوتابییان و نابێ وەك گوتاربێژێك تەنها لە ناوەڕاستی پۆل بوەستێت، بەڵکو دەبێ سەرنجی قوتابییان لە ڕێی زمانی جەستە و دەربڕین ڕابکێشێت. مامۆستا نابێ دەست بە وانە گوتنەوە بکات، تا دڵنیا نەبێت لەوەی پۆلەکە هێمنە و قوتابییان سەرقاڵ نین بە قسەکردن. بۆ ئەوەی هزر و تێگەیشتنیان بە تەواوەتی لای وانەکە بێت. لە میانەی بەڕێوەبردنی پۆلیش، نووسەر چوار جۆر لە مامۆستایانی دیاری کردووە، ئەوانیش:_ مامۆستای (بالادەست) کە هەم سەربەستی بە قوتابییان دەدات، هەمیش ئارامی پۆل دەپارێزێت، مامۆستای (دەسەڵاتخواز) کە بواری پرسیارکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا بە قوتابییان نادات و دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت، مامۆستای (گوێنەدەر) کە هەموو ئەرکەکان بە قوتابی دەسپێرێت (باوەڕم وایە بەشێکی زۆری مامۆستایانی ئێمە لەو جۆرە مامۆستایانەن،

چونکە جار وایە چەندین بەش و بابەت وەك ئەرکی ماڵەوە بە قوتابی دەسپێرن) هەروەها مامۆستای (کەمتەرخەم) کە ئەویش ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە زەوق و سەلیقەی وانەکانییان نییە و تێکەڵ بە قوتابییان نابن. لە وتارێکی دیکەدا، نووسەر باس لە شێوەکانی فێربوون دەکات و بە فێربوونی (ڕاستەوخۆ) و (ناڕاستەوخۆ) پۆڵێنیان دەکات. لە فێرکردنی ڕاستەوخۆدا، وانە و پرسیار دەبنە تەوەری سەرەکی، بەلاَم لە فێربوونی ناڕاستەوخۆدا، ڕۆڵی مامۆستا لە وانە بێژییەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێ نیشاندەرو ئاسانکاری بۆ قوتابییان دەکات. هانیان دەدات پشت بە سەرچاوەی تر ببەستن و بە دوای زانیاری تردا بگەڕێن. واتە هەر تەنها لە ڕێگەی مامۆستاوە وەك فێرکارێك نا، بەڵکو بە شێوەی دیکەش پاشخانی هزری و ڕۆشنبیری خۆیان دەوڵەمەند بکەن. بابەتێکی دیکەی نێو کتێبەکە، تایبەتە بە ئاکارەکانی مامۆستای تایبەت و ئامادەکاری کتێبەکە چەند خاڵێکی ڕوونکردۆتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کە زیرەکی

مامۆستا تەنها پێوەر نییە بۆ سەرکەوتوویی مامۆستایەك لە پیشەكەی، بەڵكو چ جۆرە قوتابییەكی هەیە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەكات، ڕێگەكان و میتۆدەكانی فێركردنی چین، ئەمانەش گرنگن. بە تەنها بوونی زانستێكی زۆر، بەس نییە ئەگەر نەتوانین بە ڕێگەیەكی شیاو و پەروەردەیی، ئەو زانستەمان ببەخشینە قوتابییان. وێرای ئەمانەش ئاكارەكانی مامۆستای تایبەت بریتین لە:_ (پشوودرێژی، نەرمونیانی، مێشك كراوەیی و گونجاندن لەگەڵ زانست و پێشكەوتنەكانی سەردەم، دادپەروەری، پەرۆشی و خۆشویستنی كارەكەی، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، بوونی ڕوحیەتی بەخشین و هاوكاریكردنی خەڵكییە) چونكە بێ پاڵپشتی و هاوكاریكردن، بێ هاندان و پشتگیریكردن، منداڵان فێر ناكرێن. بێگومان ئەم كتێبە لە چەندین وتاری دیكەی گرنگ پێكهاتووە. بۆ مامۆستایان خوێندنەوەی كتێبەكە بایەخێكی تایبەتی هەیە لە ئاشنابوون بە پەروەردەی هاوچەرخ و ڕێگاكانی فێربوون. سیستەمی نوێی پەروەردە بە بڕوای من وەك

مامۆستایەك، ئەوە نییە سیستەمی وڵاتێکی دیکە بێنین و قوتابییەکانمانی پێ فێربکەین، بەڵکو ئەوەیە سیستەمێك دابنێین بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر. بەڵام سیستەمێك هەڵقوڵاوی بونیادی کۆمەڵگەی کوردی بێت. هیوادارم مامۆستایان بە پێی کات و دەرفەت ئەو کتێبە گرنگە بخوێننەوە، چونکە بۆ بوارەکەی خۆیان سوودێکی زۆری هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

⋆ ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی (زاری کرمانجی) ژمارە (٥٥٧) ڕۆژی ٢٠١٨/٨/٦ بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی دەربارەی پەروەردەكردن

پەروەردەكردنی منداڵ، یەكێكە لە ئەرك و بەرپرسیاریەتییە گەورەكانی خێزان، كە دەبێتە بنەمای پێگەیاندنی مرۆڤێكی سەركەوتوو لە داهاتوودا. ئەو پەروەردەكردنەی منداڵ لە كۆمەڵگەكاندا، بە میتۆد و ڕێسای كۆمەڵایەتی جیاوازە. بەو مانایەی پەروەردەكردنی منداڵ لە ڕۆژهەڵات، جیایە لە ڕۆژئاوا و لە كۆمەڵگەیەكی ئایینی و نەریتخوازدا، جیایە لە كۆمەڵگەیەكی لیبراڵ و سەربەخۆ، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت، میتۆدەكانی پەروەردەكردن چەند جیاوازیش بن، دواجار ئامانجی یەكەم و كۆتاییان ئەوەیە چۆن منداڵ بە پەروەردەیەكی ڕاست و دروست گەورە بكەن و پێ بگەیەنن، كە كەسیەتییەكی سەركەوتووی لە داهاتوودا هەبێت. كتێبی (دەربارەی پەروەردەكردن یەكێكە لەو كتێبانەی كە زۆر بە وردی، لە بارەی پەروەردەكردنی منداڵەوە دەدوێت و پەیوەندی خێزان

بە منداڵ لە قۆناغەکاندا ڕووندەکاتەوە. ئەم کتێبە، یەکێکە لەو کتێبانەی کە بایەخێکی هەرە گرنگی لە ڕووی پەروەردەییەوە هەیە. بە تایبەتیش پەروەردەکردنی منداڵ و شێوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ هەر لە قۆناغی شیرە خۆرییەوە کە ئێمە بە ساوا ناوی دەبەین، تا قۆناغەکانی دواتر. نووسەری کتێبەکە، چەند دیاردەیەك لە هەمبەر پەروەردەکردنی منداڵدا ڕووندەکاتەوە، کە تاکو ئێستا لە کۆمەڵگە نەریتییەکان و کوردستانیشدا، بە ڕێگەیەکی دروستی پێگەیاندنی منداڵ دادەنرێت. کەچی لە بنەڕەتدا شێوازێکی هەڵەیە. نووسەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زۆرجار لە میانەی خۆشویستنی بێ سنوور و ناز پێدانی لە ڕادەبەدەری منداڵ لە تەمەنی بچووکیدا، منداڵ فێری نازکردن و داواکاری زیاتردەبێت. کاتێ قۆناغی منداڵیش جێدێڵێت و گەورە دەبێت، ئەوا داخوازییەکانیشی لەگەڵدا زۆر و گەورە دەبن، بەڵام هەمان ئەو تێگەیشتنەی هەیە کە وەك چۆن لە منداڵیدا هەرشتێك مەبەستی بێت بۆی کراوە، ئەوا دەبێ لە گەورەییش بە هەمان شێوە بێت.

کە ئەمەش خێزانەکان ڕووبەڕووی گرفت و ئاریشەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. بە بڕوای من، ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن و پەیوەندی لەگەڵ منداڵدا، یەکێکە لە نەریتە باو و دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە گشتی، دایبابەکان بە ئەندازەیەك منداڵەکەی خۆیان خۆشدەوێت، تەنانەت لە ڕوحی خۆشیان زیاتر. بەڵام کاتێ هەمان ئەو منداڵانە گەورە دەبن، ئیدی ئەو ناز و سۆز پێدانەش وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و لە هەندێك کاتدا نەك هەر نامێنێت، بگرە باوك و منداڵەکەی بە تایبەتیش کوڕ، دەبنە دوژمنی یەکتری و زۆرجار خوێنی یەکتریش بە دەستی یەکتری دەڕێژن و کارەساتی جەرگبڕ دروست دەکەن. بە دڵنیاییەوە نموونەی لەو شێوەیە زۆرە لە خێزانی کوردی. بۆیە نووسەری کتێبەکە (بێرتراند ڕەسل) جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ لە نێوان ناز پێدانی لە رادەبەدەر و خۆشویستنی منداڵ، سنوورێك هەبێت. ناکرێ لە پەنای خۆشویستنەوە، هەر شتێك منداڵ مەبەستی بوو، بۆی جێبەجێ بکرێت، چونکە دواجار

ئەم منداڵە کەسیەتییەکی داخوازیکەری لێ دەردەچێت و هاوکات خووێکی سایکۆلۆژی خراپیش دەگرێت. نووسەر لەم ڕووەوە نموونەیەکی بەرجەستە دێنێتەوە کە ئەویش پەیوەندی بە کۆرپەلەوە هەیە کە ئێمە بە ساوا ناوی دەبەین. هەمووومان دەزانین لە کۆمەڵگەی کوردیدا و ڕەنگە لە کۆمەڵگەکانی دنیاش بەو شێوەیە بێت، کاتێ منداڵی شیرە خۆر لە ناو لانکە دەپێچن یاخود دەخەوێنن، ئەوا لای لایە و لاواندنەوەی وەك ڕێگەیەکی خەوتن بۆ بە کاردێنن، بەڵام بێرتراند ڕەسل، ئەم شێوازە بە ڕێگەیەکی هەڵە ناو دەبات، ئەو باس لەوە دەکات کە منداڵ کاتێ پێویستی بە خەو بێت، ئەوا دەبێ ژینگەیەکی لە بار و گونجاوی هێمن و دوور لە دەنگە دەنگی هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو پێویستی بە خەوتنە نەك لاواندنەوەی، پێویستی بە ئارامییە نەك ناز هەڵگرتنی. نابێ خووێك وەك تایبەتمەندییەکی کەسی منداڵ بچەسپێنین، کە خۆمان دەمانەوێت. نووسەری کتێبەکە هەر پەیوەست بەو تەمەنە، نموونەیەکی دیکە دێنێتەوە کە ئەویش گریانی

منداڵە لەو تەمەنەدا. بێگومـان کاتێ منـداڵ دەگرییێـت و ڕەنگـە بـە گریانەکـەی هـەم دایبـاب دڵتـەنگ بکـات و هەمیش ئارامیان تێکبـدات، ئـەوا دایـك پـەنا دەباتـە بـەر ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ ژیرکردنەوەی، بەمـەش بـێ ئـەوەی هەستی پێ بکات، خوویێك لای منـداڵ دروسـت دەکات کـە ئـەویش لـە بەرامبـەر گریـان شـتێکی پـێ دەدرێـت. بۆیـە کـاتێ سـاواکە دەزانێـت ئـەوەی دەیـەوێت بـە گریـان بـۆی مەیسـەر دەبێـت، ئـەوا گریـان دەکاتـە چـەکی بـەهێزی دەستی خۆی بۆ جێبەجێکردنی داواکانی. کـاتێ گـەورەش دەبـن و داواکـاری دیکـەیان دەبێـت و خێزانـەکانیش بەشـێوەیەکی دیکـە وەڵامیـان دەدەنـەوە، ئـەوا دەکەونـە بـارودۆخێکی دەروونـی خراپـەوە کـە ئاسـەوارێکی نادروسـت لـە سەرکەسـیەتییان جێـدێڵێت. بـەڵام ئەگـەر منداڵەکە هەر گریا و هەستی کرد ماندوو دەبێـت، ئیـدی بۆ خۆی بێدەنگ دەبێت. بـە تایبـەتیش کـە ئـەو منداڵـە هیـچ نەخۆشـییەکی نـەبێت. نـابێ ئەوەنـدە سـۆز بدرێتـە منداڵ وەك بووکە شوشەی لێبێت، چونکە ئەو تا هەتایـە هەرلە قۆناغی منداڵی نامێنێتەوە، بەڵکو گـەورە دەبێـت.

هەواڵنامەی کتێب

كە گەورەش بوو، ناكرێ بە هەمان شێوەی منداڵی بۆی بڕوانرێت و هەر هەموو داواكانی جێبەجێ بكرێن. بابەتێكی دیكەی پەیوەست بە منداڵ كە نووسەر ئاماژەی پێ دەكات ئەویش ترسە، واتە كاتێ منداڵ بە هۆی هەرشتێكەوە بێت بەرجەستە یاخود نا بەرجەستەیی دەترسێت. بە بڕوای نووسەر، زۆر جار گەورەكان دەبنە هۆكاری قووڵبوونەوەی ئەو ترسە لای منداڵ و دۆخێكی دەروونی پڕ لە ترس و دوو دڵییان بۆ دروست دەكەن. زۆر ئاساییە منداڵ وەك هەر مرۆڤێكی دیكە بترسێت، بەڵام نابێ ئەو ترسە ببێتە فۆبیا و هەر لە سەرەتاوە منداڵ تێكبشكێنێ و تا هەتایە بە ترس گۆش بكرێت. یەكێك لەو ڕێگایانەی كە دەشێ ترس لە دەروونی منداڵ دوور بخاتەوە ئەوەیە، كە خودی گەورەكان نابێ بترسن، خۆ ئەگەر نەشیانتوانی زاڵبن بە سەرئەو ترسەدا، ئەوا بەلایەنی كەمەوە دەبێ هەوڵبدەن ئەو ترسە بە ڕوویانەوە دیارنەبێت بۆ ئەوەی منداڵەكە هەست نەكات كە تۆ دەترسێی. ئەو كات ترس وەك هەر دۆخێكی دیكەی دەروونی مرۆڤەكان دەبینێت

هەواڵنامەی كتێب

کە زۆرجار بە هۆی ڕووداوێکەوە یاخود بەرکەوتەیەکەوە دروست دەبێت. کاتێ گەورەکان بە ئەندازەیەکی زۆرلە بەردەم منداڵەکانیاندا دەترسێن، ئیدی ئەوانیش هەست بە جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن. نووسەر بەردەوام دەبێت لە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ کە ئەو بە پەروەردەی مۆدێرن لە بەرامبەر پەروەردەی کلاسیك وێنای دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر خووەکانی منداڵ و تێڕوانینی بۆ دەوروبەردەوەستێت. بێرتراند ڕەسل، باس لەوە دەکات کە منداڵان ئارەزووی سەیریان هەیە تەنانەت ئەگەر ئەو ئارەزووانە هیچ مانایەکیش بە ژیانیان نەبەخشێت، وەك هەندێك جۆری یاریکردن، بەڵام ئەوان هەرچێژی لێ دەبینن. بۆ نموونە: کاتێ منداڵێك دەچێتە نێو باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزارەوە، ئەوا حەزدەکات کام گوڵیان زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە، یاخود زۆربەیان بقرتێنێت و لێ بکاتەوە. ئەرکی گەورەکانە، وەك دایباب و خێزان، کە منداڵ بە ئاگا بێننەوە لەوەی نابێ گوڵەکان لێ بکاتەوە. چونکە دیمەن و بۆن و بەرامەی

باخچـــەکە ون دەبێـــت و دەشـــێوێت. بـــەڵام ئـــەرکی گەورەکان هەر تەنها لەو ئامۆژگارییـە بـە زمـانێکی سـادە کۆتـایی نایـەت، بـەڵکو لـەوە گـرنگترو پـڕ بەهاترئەوەیـە، کە منداڵ فێری ئەوە بکرێت کـە گوڵەکانی خۆشـبووێت، هاوشـــێوەی گـــەورەکان لـــە هەرجێگەیـــەك بیانبینێـــت بیانپارێزێـت. گـوڵ هێمـای جوانییـە، کـە بـەو شـێوەیە گوڵمـان لـە دنیـابینی منـداڵ نەخشـاند، ئیـدی ئـەویش گوڵەکانی خۆشـدەوێت و لـە هـەر جێگەیـەك بیانبینێـت دەیـان پارێزێـت. نووسـەری کتێبەکـە بـاس لـە بابـەتێکی دیکـەی گـرنگ دەکـات کـە ئـەویش پەیوەنـدی منـداڵ بـە گەورەکانــەوە، کــە زۆر جــار بــێ متمانــەیان لا دروســت دەکات. نووسـەر ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە نـابێ گـەورەکان بـە قسـە و بۆچـوونی ئەفسـانەیی و نـا واقیعـی، مێشـکی منـــداڵ ئـــاڵۆز بکـــەن. یـــاخود نابێـــت بابـــەتێکییان بـــۆ بوروژێندرێت کە لـە ئـەقڵ و توانـای گـەورەکان خۆشـیان بـەدەرە چ جـای منـداڵ. منـداڵان هـەر تـەنها حەزناکـەن گوێیان لە گەورەکان بێت چـی دەڵێن، بـەڵکو دەیانـەوێت بــە پــراکتیکیش بۆیــان بســەلمێنرێت. دەنــا بــاوەڕ بــە

قسەکانیان ناکەن. بۆیە دەبێ گەورەکان لەم ڕووەوە هوشیاربن و شتێك نەڵێن کە نەتوانن جێبەجێی بکەن. ئەمە بڕوای منداڵ لاوازدەکات و ئەو هەستەشیان لادروست دەکات کە ئەوانیش لە داهاتوودا قسەیەك بکەن و نەتوانن بیسەلمێنن یاخود فێری فریودان و درۆکردن دەبن.

⋆ پەراوێز: ناوی کتێب:دەربارەی پەروەردەکردن، نووسینی: بێرتراند ڕەسل، وەرگێڕانی: جیهاد محمەد، بڵاوکراوەی سەردەم_٢٠١٨.

⋆ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هاووڵاتی) ژمارە (١٨٠٩) ی ڕۆژی ٢٨-٥-٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

# دیدێکی ڕەخنەیی بۆ کتێبی_ هەشت ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی پەروەردە

یەکێك لە گرفتە دیارەکانی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا ئەوەیە، کە زۆرجار ڕێسا و ڕێنماییە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەکانی تر، بە تایبەتی ڕۆژئاواییەکان، دێنین و بەبێ هیچ گونجاندنێکی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خێزانی، هەوڵی پراکتیزەکردنی دەدەین لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە. ڕەنگە باشترین بەڵگەش لەم ڕووەوە ئەو میتۆدە بێت، کە ساڵانێکە بە نێوی سیستەمی سویدی پەیڕەو دەکرێت، یاخود بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی زاست و بیرکاری بێت. لە کاتێکدا بە هەزاران قوتابی هەیە، خوێندنەوە و ڕێنووسی کوردی بە باشی نازانێت ، چ جای بگات بە خوێندنی وانەکانی زانست و بیرکاری بە زمانی ئینگلیزی. بۆیە یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی دەسپێکی کاری وەزیری نوێی پەروەردە، هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە بوو، کە تەنها مامۆستایان خۆیان دەزانن

چەند گرفت و ئاریشە بوو بۆ قوتابییان. بۆ نموونە:_ لە سیستەمی خوێندنی ئێستای ئێمەدا، لە وانەی زانستی پۆلی دووەمی بنەڕەتی، بابەتێك هەیە بە ناوی (سووڕی ژیانی زیندەوەران) هەمان بابەت لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیش دەخوێنرێت. ئایا قوتابییەکی پۆلی دوو، کە تەمەنی تەنها هەفت ساڵە، هاوشێوەی ڤ وتابییەکی پۆلی شەشەمە کە تەمەنی دوانزە ساڵە لە ڕووی جەستەیی و هزری و وەرگرتنەوە؟ لێرەوەش ئێمە گەلێك جار ڕووبەڕووی گرفتی تردەبینەوە. وێرای ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەوڵدەدرێت سوود لە تازەترین و دواترین داهێنانی سەردەم لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە وەربگیرێت، کەچی زۆر بە کەمی هەست بە دەرەنجامی گۆڕانکارییەك دەکەین. ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە هیچ هاوگونجاندن و ڕیفۆرمێك لەو بوارەوە نابینین، بە پێچەوانەوە، بگرە وا دەزانین قوتابییەکی ڕۆژهەلاتی، هاوشێوەی خۆرئاوایەکە، بە لایەوە ئاسایی بێ ت باسی ئەندامەکانی جەستەی بکرێت و بە شتێکی ئاسایی بیزانێت. بۆیە

گرنگـه لـه وەرگێـڕان و گواســتنەوەی هـەر ڕێسـا و ڕینماییـەکی پەروەردەییـدا، ڕەچـاوی ئـەو گونجاندنـە بکەین. لـەو ڕوانگەیـەوە کتـێبی (هەشـت ڕێنـمایی بـۆ بەهێزکردنی پەروەردە) کتێبێکە کە نزیکـەی دە ساڵ لەمەو بەر وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، وەلـێ چـونکە ڕێنماییــەکان بــۆ بــەهێزکردنی پــەروەردەن، کەواتە ئاساییە و دەکرێ هەموو کاتێك بگەڕێینەوە سەر کتێبەکە و بیخوێنینەوە. ئـەم کتێبـە لـە بنەڕەتـدا لـە لایەن کۆمەڵە کەسانێکی شارەزای بواری پـەروەردە لـە ڕۆژئـاواوە دیـاریکراوە، وەك چـەند ڕێنماییـەك بـۆ پەروەردەکردنی مندال. کەواتە خالّی یەکەم کە دەبێ لە بەرچاوی بگرین ئەوەیە، کە ئەم ڕێنماییانـە بـە پلـەی یەکـەم بـۆ پـەروەردەکردنی منداڵانـە لـە کۆمەڵگـە خۆرئاواییەکاندا. لە دوو توێی ئەو نامیلکەیەدا، هەشت ڕێنمایی سەرەکی وەکو ڕێسایەك بـۆ پـەروەردەکردنی منداڵ دیاریکراوە، کە دەشێ بکرێنە پێوەرێکی بنەڕەتی لە بواری پەروەردەکردندا. وەلێ پەروەردە پرۆسەیەکە نـەك تـەنها لـە چـەند ڕێنماییـەکی دیـاریکراو کـورت

ناكرێتەوە، بەڵكو پەیوەندی بە هەموو ئۆرگانە کۆمەلأیەتی و پەروەردەییەکانەوە هەیە وەك:_(خێزان و کۆمەڵگە) یەکێك لە کێماسییەکانی ئەو کتێبە ئەوەیە، کە جۆرێك لە گشتگیری بە بێ گونجاندن و هارمۆنیکردن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا تێدایە، چونکە مەرج نییە ڕێنماییەك بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا گونجاو بێت، بۆ ڕۆژهەلأتیش بە هەمان شێوە بێت. یەکێك لەو ڕێنماییانە دەڵێت:_ ( هەموو خێزانێك پێویستی بە خانوویێکی شیاو، هاریکارییەکی دارایی باش و دەوروبەرێکی پڕ لە ئەڤین و خۆشەویستی هەیە) بێگومان کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە هەموو خێزانێك مافی ئاسایی و سرووشتی خۆیانە ژیانێکی مرۆییانە بژین و گوزەران و شوێنێکی نیشتەجێبوونی گونجاویان هەبێت، بەلأم ئاخۆ ئەمە لە هەموو کۆمەڵگەیەك دەکرێت ؟ هەموو خێزانێك دەتوانێت ئەو ژینگەیە فەراهەم بکات؟ ئەگەر بەو پێوەرە بێت دەبێ ئەو خێزانانەی هاریکارییەکی دارایی باش و شوێنێکی نیشتەجێی گونجاویان نییە، دەست لە پەروەردەکردنی

منداڵەکانیان بشۆن. لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە و ساڵانە دەبینین یەکەمەکانی کوردستان لە خێزانی شەهید، کەم دەرامەت و کرێچی و چینی ناوەندن. پەروەردەکردن ئەرکە لە سەرخێزان، پەیوەندی بە شوێنی شیاو و نەش یاو نییە، ئەگەرچی ئەولایەنانەی ژیان ڕۆڵ دەبینن لەم ڕووەوە، بەڵام دوا جار پەروەردەکردنەکە چەقی مەبەستە. بۆ منداڵێکی خۆرئاوا، ئەو کەشە دەستەبەردەبێت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئێمەدا، کە زۆربەی خێزانەکان کەم دەرامەت یاخود ژیانێکی ستانداریان نییە، نابێت ئەگەر ئەو پێویستییانە نەبوون، ئەوا پەروەردەکردنی منداڵەکانیان پشت گوێ بخەن. باسێکی دیکە لە کتێبەکەدا کە جێگەی لە سەر وەستانە ئەوەیە کە دەڵێت:_( هیچ بابەتێك نییە گفتو گۆکردنی قەدەغە بێت بۆ منداڵان) گرفتی ئەو تێڕوانینە هەر تەنها لەوە دا نییە کە قۆناغ و تەمەنی منداڵی دیارنەکردووە، چونکە تا تەمەنی هەژدە ساڵیش هەر قۆناغی منداڵییە، بەڵام دەکرێ بپرسین بە ڕاست هەموو گفتۆگۆیەك

گونجاوە بۆ منداڵ بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا؟ گریمان ئەگەر منداڵێکی هەفت ساڵان، پرسیاری کرد (خودا) چییە و چۆنە، باوکەکە یاخود گەورەکانیان چۆن وەڵامی بدەنەوە؟ یاخود بۆ منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان، دەگونجێت باسی سێکس بکەین و هەموو شتێکی بۆ هەڵڕێژین؟ لە ڕاستیدا، پرسیارکردن و گفتۆگۆکردن لە سەر هەموو بابەتێك، بۆ منداڵان نەك هەر تێزێکی دروست نییە، بەڵکو هزرو دەروونی منداڵیش تێك دەدات. نابێ باسێك بۆ منداڵ شیبکەینەوە، کە لەگەڵ تەمەن، ئاستی هوشیاری، هزری و جەستەی نەگونجێت. ئەم جۆرە پەروەردەکردنە بۆ کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان نەگونجاوە. ناکرێت هەر ڕێسایەکی پەروەردەیی، ڕێنماییەك خۆرئاواییەکان بە گونجاوی بزانن، ئێمەش پراکتیزەی بکەین بە بێ ئەوەی هەموو ئەو لێکەوتانە ببینین کە لێی دەکەونەوە. هەموو مان پاشخانی کولتووری و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی دەناسین و دەزانین چەندین داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی، بوونەتە بەشێك لە تێڕوانین و

بیر کردنـەوەی میللییانـەی خێزانـەکان و بـە ئاسـانی ناسڕێنەوە. باسێکی دیکەی ئـەم نامیلکەیـە لـە بارەی پـەروەردەکردنی منـدالان، پەیوەنـدی بـە سـۆز و خۆشەویستی و دڵنەوایکردنی منداڵەوە هەیە، کە دەبێ خێزانـەکان سـۆز و خۆشەویسـتی خۆیـان بـە هـەموو شێوەیەك بۆ منداڵەکانیان دەرببڕن. وەلێ گرفت لێرەدا ئەوەیە، کە زۆر جار جیاوازی لە نێوان (خۆشەویستی) و (نازپێدان) ناکرێت. تا ئەو ڕادەیەی کە هەرچییەکییان بوێـت بۆیـان دەچـێتە سـەر، کـە ئەمـەش هەڵەیـە. (بێرتراند ڕەسەل) لە کتێبی دەربارەی پەروەردەکردن، ڕەخنە لەو جۆرە پەروەردەکردنە دەگرێت. بـە بـڕوای ئـەو، هـەرگیز نابێـت خۆشەویسـتی منـداڵ لـە سـنوور بچێتە دەرەوە و نازێکی زۆری پێ بدرێت، چونکە ئـەو دوا جـار قۆنـاغی منـداڵی دەبڕێـت و داواکارییـەکانی زۆرتر و گەورە تردەبن. کاتێ خێزانەکانیشیان ناتوانن ئەو هەموو داوایانەیان بۆ جێبـەجێ بکـەن، ئـەو کات بەریەککـەوتن لـە نێوانیانـدا ڕوودەدات. بۆیـە گرنگـە خێزانەکان، دایك و باوکی منداڵ، سنوورێك لـە نێـوان

خۆشەویستی و نازپێدانی زۆر دابنێن. منداڵ هەر بە منداڵی نامێنێتەوە. دواجار مەرج نییە هەر شتێك لە بارەی پەروەردەوە لە ولاٌتێکی دیکە بوونی هەبێت و پەیڕەوکرا، ئێمەش لاساییان بکەینەوە، چونکە پەروەردەی منداڵێکی خۆرئاوایی، سەدو هەشتا پلە جیاوازە لە پەروەردەی منداڵێکی خۆرهەلاٌتی.

٭ پەراوێز:- ناوی کتێب: هەشت ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی پەروەردە، وەرگێڕانی: عیسا لاوە.

٭ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ژمارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ بلاٌوکراوەتەوە.

# جیاکردنەوەی کوڕان و کچان یان نامۆکردنی هەردوو ڕەگەز بە یەکتری؟!

بنەمای هەموو پەروەردەکردن و پێگەیاندنێکی منداڵ، لە سەر چەند ڕێسایەکی جێگیر و نەگۆڕ دامەزراوە. یەکێکییان ڕەتکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی و هەڵاوێردکردنی کوڕان و کچانە لە یەکتری. جەوهەری پەروەردەکردن، واتا دروستکردن و بیناکردنی مرۆڤێك کە دیدی مرۆڤبوونی لە پێشەوەی هەموو جۆرە دیدێکی ڕەگەزی، ئایینی، سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت. کە لە سەرەتای پەروەردەکردنەوە منداڵمان بەو شێوەیە گۆشکرد و ڕاهێنا، ئیدی ئەمە دەبێتە بەشێك لە پەروەردەی دەروونی و کەسی ئەو منداڵە. لە وڵاتە دیموکراسی و عەلمانییەکاندا، بۆچی هیچ جیاوازییەك لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ئاستی ماف و ئەرك و تەنانەت ئازادی و سەربەستیشدا نییە؟ چونکە لە سەرەتاوە خێزان وەها پەروەردەیان دەکات، کە بە هیچ

شێوەیەك شەرم لە ڕەگەز و ژنبوونی خۆیان نەكەن و وەك مرۆڤ بیربكەنەوە و هەڵسوكەوت بكەن. تەنانەت ژنان لە خۆرئاوادا هەندێك كار دەكەن، كە لە ڕووی توانای جەستەیی و ماسوولكەیی، هاوشێوەی كاركردنی پیاوانە و لەوانەیە قورستریش بێت. بۆیە هەر پەروەردەكردنێك ئامانجی یەكەمی كاڵ كردنەوە و سڕینەوەی ئەو جیاوازییە ڕەگەزی و ژێندەرییە نەبێت، بێگومان مانای وایە بڕوای بە پەروەردەكردنی هەردوو ڕەگەز وەك یەكتری نییە. بە بڕوای خۆم وەك مامۆستایەك، جیاكردنەوەی كوڕان و كچان لە نێوەندەكانی خوێندن لە بازنەی یەكەم و دووەمی بنەڕەتی واتا ( قۆناغی ١ تاكو ٦) ڕەنگدانەوەی ئەقڵێكی خێڵەكی، میللی، كۆنخوازیی و دواكەوتووە. ئەقڵێك كە بڕوای بە یەكسانی هەردوو ڕەگەز نییە و مەبەستیەتی هەر لە سەرەتاوە ئەو دوو ڕەگەزە بكاتە نەیار و دوژمنی یەكتری. بێگومان ئێمە وەك مامۆستایەك، باش دەزانین لە كۆمەڵگەی كوردی و كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكانیش بە گشتی، بە یەكەوە بوونی هەردوو ڕەگەز، سەرچاوەی

چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و خێزانییە، وەلێ ئەم گرفتانە، زۆرتر پەیوەستن بە قۆناغەکانی ناوەندیی و دواناوەندی کە کوڕان و کچان لە ڕووی جەستەیی و فسیۆلۆژییەوە، لە پێ گەیشتن و بەریەککەوتن دان و ئەو تەمەنە لە ڕووی هزریی و جەستەیی و هەڵسوکەوتەوە، پێویستی بە چاودێرییە. وەلێ دیسانیش ئەمە نابێ بکرێتە پاساوێك بۆ ئەوەی لە نێوەندەکانی خوێندن و لە قوتابخانەکاندا، کار لە سەر جیاکردنەوەی کوڕان و کچان بکرێت. ئەرکی بەڕێوەبەر و مامۆستایانە، کە ڕۆڵی پەروەردەیی و مەیدانی خۆیان بگێڕن و نەهێڵن قوتابییە کوڕ و کچەکان، بە شێوەیەکی ناتەندروست و نا پەروەردەیی، سوود لەو تێکەڵبوونە بۆ مەرامی کەسی وەربگرن. بۆیە ئەگەر تا ڕادەیەك پاساوێکیش هەبێت (هەرچەندە ئەمەش گونجاو نییە) بۆ ئەوەی لە بازنەی سێیەمی بنەڕەتی، واتا قۆناغەکانی (٧ و ٨ و ٩) هەروەها قۆناغی ئامادەیی، واتا پۆلەکانی (١٠ و ١١و١٢) لێك جیابکرێنەوە، ئەوا هیچ بیانوویێکی پەروەردەیی، کەسی و ڕەگەزی نییە، کە کوڕان و کچان

له پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە خۆیان ناناسن، لە یەکتری جیا بکرێنەوە. ئەم قۆناغە لە ڕووی تەمەنەوە، قۆناغێکی بچووکە بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی خوێندن. ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانەیەك تێکەڵاو بێت، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کێشە و گرفتیش دەبێت، وەلێ نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە جیاکردنەوەی منداڵەکان لە تەمەنی شەش ساڵی و لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتی، چەندین لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە، هاوکات کاریگەریەتی نەرێنی بۆ سەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت وەك ئەمانە:_

<u>یەکەم:_</u> جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە یەکتری، وەك باسمان کرد بەرەنجامی ئەقڵێکی داخراوە کە لە سەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی بیر دەکاتەوە. ئەم ئەقڵیەتە، لە خزمەت ئەو نەریتە دواکەوتووەدایە کە پێی وایە کوڕان و کچان دوو تەنی نامۆن بە یەکتری و نابێ تێکەڵ ببن وەك جەمسەری سالب و موجەب. ئەم جیاکردنەوەیە، دەبێتە سەرەتایەك بۆ نامۆکردن و بە گژ یەکتری کردنی هەردوو ڕەگەز، بەو پێیەی لە دوو

فەزا و ژینگەی جیاواز دەخوێنن. لە کاتێکدا نابێ لە خوێندن و پەروەردەکردندا، هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئەتنیکی هەبێت. بگرە دەبێ لە سەرەتاوە فێری یەکسانی و دادپەروەریی و پەروەردەی تەندروست بکرێن.

دووەم:_ جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە یەکتری، دەبێتە هۆکاری سەرەکی کوشتنی ڕوحی کێبرکێ و ململانێ لە نێو قوتابییاندا. زۆر جار کوڕان کە دەبینن ڕەگەزی کچان لەوان زیرەکتر و ژیرترن، ئیدی جۆرێك لە شەرم و سڵەمینەوەیان لا دروست دەبێت، بەوەی کە شەرم دایان بگرێت. یاخود کوڕان ڕەنگە نەتوانن هەموو کردەوە و ڕەفتارێك بە ئازادی لە بەرامبەر کچان لە پۆلدا بنوێنن، وەك ئەوەی بەرامبەر هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەیکەن. بۆ کچانیش بە هەمان شێوەیە. بەڵام ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانە تەنها کوڕان بن، ئەوا ڕەفتاریی بزێویی و هەڵسوکەوتی نەشیاو زیاتر دەبێت، چونکە نابێ ئەوەمان بیربچێت کە کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتییە و شەرم یەکێکە لە

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی. بۆیە زۆجار کوڕان لە بەر کچان و بە پێچەوانەوەش هەموو هەڵسوکەوتێك ناکەن.

سێیەم:_ یەکێکی دیکە لەو دەرهاوێشتانەی لەو جیاکردنەوەیە دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە نا هاوسەنگی لە ژمارەی قوتابییان دروست دەکات. بۆ نموونە: ئەگەر پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکدا بە نموونە وەربگرین، گریمان ژمارەی قوتابییان لەو پۆلەدا (بیست و پێنج )قوتابییە، واتا هەژدە کچ و هەفت کور، ئەگەر ڕەگەزی قوتابییان بۆ کوڕان و کچان دابەش بکەین، ئەوا دەبینین هەمان پۆل لە قوتابخانەیەکدا ژمارەی قوتابییانی هەژدەیە و لەویتریان هەفت قوتابییە، ئایا هیچ هاوسەنگی و دادپەروەرییەك لەمەدایە؟ دەکرێ مامۆستایەك وانە بە هەژدە قوتابی بڵێتەوە و مامۆستایەکی دیکەش بە هەفت قوتابی؟ ئایا هەردوو مامۆستاکە وەك یەکتری لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و هزرییەوە ماندوو دەبن؟ چۆن دەبێ ژمارەی قوتابییان

لـه پۆلێکـدا دوو بەرامبـەری هـەمان ژمـارەی قوتابییـانی پۆلەکە بێت لە قوتابخانەیەکی تر؟

چوارەم:_ جیاکردنەوەی دوو دەوامی لە قوتابخانەیەکدا، بێگومـان پێویسـتی بـە کـەل و پـەل و پێداویسـتی تـازە دەبێـت، کـە ئەمـەش بارگرانییـەکی دیکـە دەخاتـە سـەر شـانی حکومـەتی هـەرێم. ئەمـە وێـرای ئـەوەی ئـەو قوتابخانـە نوێیانـە، دەبـێ بەڕێوەبـەر و یاریـدەدەریان بـۆ دابنرێـت کـە ئـەوانیش دەرماڵـەی کارگێڕییـان بـۆ دەبەسـترێت. ئەمـە وێـرای چـەندین پێویسـتی تـر بـۆ نموونە: وەك نەوت و کەلوپەل و کۆمپیوتەر و مۆبیلیات و چەندان شتی تر.

پێنجەم:_ مانەوەی قوتابییانی کوڕ و کچ بە تـەنها و بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵ لـە قوتابخانـە، جۆرێـك لـە دوورکەوتنەوە و سڵەمینەوە لای هەردوو ڕەگەز دروست دەکات. ئەم دابڕانە، جۆرە منداڵێکی شەرمن، گۆشەگیر، نامۆ بـە ڕەگـەزی بەرامبەردروسـت دەکات. بـەو مانایـەی هەر کاتێك کچێك ببینێت شەرم دایبگرێت. کـە ئەمـەش

ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی داهاتوو، کەسیەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی منداڵ دەبێت.

<u>شەشەم:_</u> ئەگەر لە قوتابخانەیەکدا گرفت لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزە هەبێت کە لە یەك پۆل و قوتابخانەدا دەخوێنن، ئەوا ئەرکی بەڕێوەبەرە ڕێگری لەو گرفتانە بکات و قوتابییان و کەشی قوتابخانە ( کۆنترۆڵ _ بەرزەفت) بکات. ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك نەیتوانی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان بە شێوەیەکی دروست کە هێشتا خۆی ناناسێت پەروەردە بکات، چۆن دەتوانێت لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی ئەو کارە بکات؟ بە پێچەوانەوە ئەمە نیشانەی لاوازی و بێ دەسەڵاتی مامۆستایان و بەڕێوەبەریشە کە ناتوانن قوتابییان بە شێوەیەکی تەندروست و پەروەردەیی تێکەڵ بکەن، تاکو دواجار کەسییان مافی ئەوی تریان پێشێل نەکات.

<u>هەفتەم:_</u> لە سەردەمێکدا کە منداڵان هەموویان لە تەمەنێکی بچووکەوە ئاشنای تەکنەلۆژیای سەردەم و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بینین و بیستنی جۆرەها وێنە

و دیمــەن دەبــن لــە مۆبایــل و تابلێتــەکانیان، نــازانم جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و قۆناغـەکانی تـر، دەتوانێـت چ ڕێگریـەك بکـات لـەوەی کوڕان و کچان ڕووبەڕووی پەروەردەیـەکی ناتەندروست نەبنــەوە؟ ئــەو زەمەنــە بەسەرچــوو، بتــوانین کــوڕان و کچان بە چەند ڕێنوێنییـەك دووربخەینـەوە لە یـەکتری. چونکە ئەوان ڕۆژانە لـە بـەر یەککەوتنی نوێـدان لەگـەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم. بۆیە لە بری ئـەوە، باشتر وایـە ئامۆژگارییــان بکــەین و بــە شــێوەیەك پــەروەردەیان بکەین، کە هەردوولایان وەك مرۆڤ بیر بکەنـەوە و یـەکتر ببینن و پێشێلی ماف کەسی و تایبەتی یەکتری نەکەن.

دواجار دەڵێم، ئەگەرچی بواری پەروەردە لە نێو ئێمـەدا، لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا، چەندین کێشـە و گـرفتی گەورە و بچووکی لـە هـەموو ڕوویێکـەوە هـەبووە و هەیـە، وەلێ شتێك کە جێـی شـانازییە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتی هەرێم تاکو ئێستا ئەوەیە، کە هـیچ کاتێـك بـە فەرمی نەیکردووە بە بڕیار کـە دەبـێ کوڕان بـە تـەنها و کچـانیش بــە تــەنها بخــوێنن، چــونکە دەزانێــت ئەمــە

گەڕانەوەیە بۆ دواوە و ڕەنگدانەوەی ئەقڵێکی ڕەگەزی و ژێندەرییە، کە بڕوای بە یەکسانی نێوان نێر و مێ نییە. بۆیە هیوادارم وەزارەتی پەروەردە، بێ بوونی هیچ پاساوێك، ڕێگە نەدات پەروەردەی قەزاكان بە ئارەزووی خۆیان کوڕان و کچان لە یەکتری دابڕن. ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە. پەروەردەکردن، پۆلێن نەکراوە بۆ ڕەگەزێك، کەواتە بۆچی دەبێت لە تەمەنی شەش ساڵییەوە، کوڕان و کچان نامۆ بکرێن بە یەکتری و فێر بکرێن کە نابێ بەیەکەوە بخوێنن؟ مەگەر ئەمە دواکەوتوویی و بیرداخراوی نەبێت، هیچ ئاماژەیەکی تردەگەیەنێت؟!

★ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٩٠٣) ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٥ بلاّوکراوەتەوە.

# شوناسی هاوڕێی ڕەخنەگر و چەند سەرنجێك

یەکێك لە گرفتە دیارەکانی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا ئەوەیە، کە زۆر بە دەگمەن بە دواداچوون بۆ ئەو سەرنج و ڕەخنە و پێشنیارانە دەکرێت، کە لە دەرەوەی سیستەمی خوێندن، ڕووبەڕووی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن دەکرێنەوە. گەلێك جار، ڕەخنە لە زمان، لایەنی بابەتی، ڕێنووس و زانیارییەکانی نێو کتێبێکی خوێندن دەگیرێت کە پێشتر چاپکراوە، کەچی چەند ساڵێك دواتر، بێ بژاردن و پێداچوونەوە، بێ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، کتێبەکان جارێکی دیکە چاپ دەکرێنەوە. بۆیە دەبینین بە دەگمەن ساڵێکی خوێندن هەیە گرفتێك ڕووبەڕووی پرۆسەی پەروەردە نەبێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی گەلێك جار ڕێنمایی و چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەیی دەردەکرێن کە جێبەجێکردنیان نەك هەر ئەستەمە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان پرۆسەی پەروەردەش دەشێوێنن. لەو

ڕوانگەیـــەوە، ئـــەم ســـاڵ لـــە چوارچـــێوەی ئـــەو گۆڕانکارییانـــەی دەکـــرێن، شوناســـی سەرپەرشـــتیاری پـــەروەردەیی گـــۆڕدرا بـــۆ (هـــاوڕێی ڕەخنـــەگر) هـــەر هاوڕێیـەکیش بـە بـێ ڕەچاوکردنی پسپۆڕایەتییان ، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەگـەڵ قوتابخانەیـەك دەمێنێتـەوە. لـە ڕاســـتیدا، پێـــدانی هـــەموو ئـــەرکێکی کـــارگێڕیی، پـەروەردەیی، هەڵسـەنگاندن و بـە دواداچـوون بـە تاکـە یـەك سەرپەرشـتیار، کارێکـە نـەك هـەر لـە جێـی خـۆی نییـــە، بگـــرە هەڵەیـــەکی گەورەشـــە، چـــونکە نابێـــت سەرپەرشـــتیارێك کـــە پســـپۆڕییەکەی بـــە نموونـــە (کوردییـــە) هەڵســـەنگاندن بـــۆ کـــاری بەڕێوەبـــەری قوتابخانە و هەموو وانە و پسپۆڕییەکانی دیکـەش بکات، کە دڵنیام تیایدا سـەرکەوتوو نابێـت. پـەیڕەوکردنی ئـەو سیسـتەمە، بـە بۆچـوونی خـۆم وەك مامۆسـتایەك، لـە چـەندین ڕووەوە جێگـەی ڕەخنـە لـێ گرتنـە، چـونکە چەند بڕیـار و ڕاسـپاردەیەك دەدرێتـە قوتابخانـەکان، کـە گونجـــاو نـــین و جێبـــەجێکردنیان ئەســـتەمە. سەرپەرشتیار، ئەرکێکی تایبەتی و دیاریکراوی هەیـە کـە

ئـەویش بـە دواداچوون و هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی زانسـتی قوتابییـــــان و چـــــاودێریکردنی جێبـــــەجێکردنی ڕێنماییەکانە. وەلێ بـە پێـی ئـەو ئەرکـە نوێیـە بێـت کـە هـاوڕێی ڕەخنـەگر لـە ئەسـتۆیدایە، ئـەوا ئـەرك و ڕۆڵـی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی قوتابخانـە و مامۆسـتاکان و بـە بێ ئەوەی خۆشی هـیچ ڕۆڵێکـی هـەبێت لـە زەمینەکـەدا. ئەمــە لەلایــەك، لــە لایــەکی دیکــەوە، ســەرقاڵکردنی بەڕێوەبــەری قوتابخانــەکان بــەو هــەموو ڕۆتینــە کارگێڕییانـەی قوتابخانـە، وا دەکـات بەڕێوەبـەر زۆرتـر ڕۆڵێکــی کــارگێڕیی و نووســینەکی هــەبێت لــەوەی پێشـەنگی قوتابخانـە و نێوەنـدی یەکـەمی ئاراسـتەکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکان بێت. بەرپرسیاریەتی قوتابخانـە بـە پلـەی یەکـەم لـە سەرشـانی بەڕێوەبـەرە و ئـەو دەبێـت ئاگـاداری هـەموو گرفـت و کێماسـییەکانی قوتابخانـە و قوتابییـان و مامۆسـتایانیش بێـت. لێـرەدا بـە کـورتی چەند خەوشێکی ئەو شوناسە تازەیە دەخەمە ڕوو:_

## یەکەم:_ هاوڕێ و ڕەخنەگر:_

بێگومان کۆکردنەوە و لێکدانی هەردوو وشەی هاوڕێ و ڕەخنە لە دوو تویێ ڕستە و دەربڕینێکدا، پارادۆکسێکی واتایی و زمانەوانی زەقە. هەر کەسێك سەروکاری لەگەڵ دنیای ڕەخنەگرتن هەبێت و لە ماهیەتی ئەو چەمکە بگات، دەزانێت کە دەبێ کەسی ڕەخنەگر، چەند کەسێکی بێ لایەن، پیشەیی، سەربەخۆ بێت و نەکەوێتە ژێر هیچ فشارو کاریگەریەتییەك. ئەوەی ڕەخنە دەگرێت، دەبێ دوور بێت لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، هاوڕێیەتی، شاریی و ئایدۆلۆژی. نازانم چۆن کەسێك لە یەك کاتدا دەتوانێت هاوڕێت بێت و ڕەخنەگریشت بێت؟ ئاخۆ هاوڕێیەتییەکە نابێتە هۆی جۆرێك لە چاوپۆشین و سڵکردنەوە لە هەندێك لادانی یاسایی و کارگێڕی و هەڵەی دیار؟ من دەزانم لێرەدا مەبەست ڕەخنەی بونیادنەرانەیە، وەلێ ڕەخنە چەمکێکی سەربەخۆیە و نابێ ببەسترێتەوە بە هیچ جۆرە پەیوەندییەك. گریمان

ئەگەر پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك و ئەو هاوڕێ ڕەخنەگرە هەبێت، دەتوانێت بە سەربەستی ڕەخنە بگرێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی ئەو پەیوەندییە؟ بۆیە پێشنیار دەکەم ناوی هاوڕێی ڕەخنەگر بکرێتە هاوڕێی قوتابخانە.

دووەم:_ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان:_

یەکێکی دیکە لە هەڵە زەقەکانی هاوڕێی ڕەخنەگر ئەوەیە، کە داوا دەکات مامۆستایان خۆیان خۆیان هەڵبسەنگێنن و ئاستی زانستی خۆیان پێوانە بکەن! لە ڕاستیدا، یەکەمجارە گوێبیستی شتێکی نامۆی لەو شێوەیە دەبم. نازانم چۆن کەسێك بە خۆی کارەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ؟ کە کورد وتەنی کەس بە (دۆی خۆی نالێت ترشە) ئاخۆ ئەمە نابێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی دوور لە هەموو پێوەرێك مامۆستایان نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان دابنێن؟ ئەمە وەك ئەوە وایە کەسێك شیعر بنووسێت و هەر بە خۆشی شیعرەکەی هەڵبسەنگێنێت و خەڵاتی یەکەمیشی پێ بدات ! لەوە هەڵەتریش ئەوەیە، کە داوا دەکرێت ئەو هەڵسەنگاندنە

له مانگی ( ١٠) بكرێت. كه تازه له سەرەتای خوێندنین و دەیان بەشی خوێندن ماوه تەواو بكرێن. نازانم شتێك نەخوێنرێت چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێت؟! پێشنیار دەكەم هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێته كۆتایی ساڵ و لەلایەن خۆشییانەوه ئەو هەڵسەنگاندنه نەكرێت.

## سێیەم:_ چارەسەركردنی گرفتی قوتابخانەكان لەلایەن خەڵكەوه:_

هەڵبەته، قوتابخانه نێوەندێكی پیرۆزه و پەیوەندی به هەموو ئۆرگانه كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەوه هەیه. بۆیه چەند پاڵپشتی پرۆسەی پەروەرده بین و كەموكورتییەكان چارەسەر بكەین، ئەوەندەی تر پرۆسەی پەروەرده پێش دەكەوێت. بۆیه بڕوا ناكەم كەسێك هەبێت لاری لەوه بێت هاوكاری و دەستی یارمەتی بۆ قوتابخانەیەك درێژ بكات. وەلێ به داخەوه ئەمه تا ئێستا نەبۆته كولتوور له نێو ئێمه و زۆر به دەگمەن كەسانێكی زەنگین هەن، كه پاڵپشتی پرۆسەی

پەروەردە بکەن و پێداویستییەکانی دابین بکەن. لە کاتێکدا بۆ نموونە: ئەگەر مزگەوتێك بینا بکرێت، هەزاران کەس ئامادەن بەشداری لەو کارەدا بکەن. بەڵام بۆ قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەك بە پێچەوانەوە. کەواتا ئەمە کارکردنێکی گەورەی هزری و پەروەردەیی دەوێت، تاکو هەمووان دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە بیناکردنی قوتابخانەیەك هیچی کەمتر نییە لە بیناکردنی مزگەوتێك. یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڕێی رەخنەگر لە قوتابخانەکان ئەوەیە، کە داوای هاوکاری لە خەڵکی گوند و سەرمایەداران و کەسانی خێرخواز بکەن، تاکو کەموکورتییەکانی قوتابخانە پڕ بکەنەوە. بێگومان داوایەکی لەو شێوەیە، جێگەی خۆی ناگرێت. لەلایەکەوە وەك باسمان کرد ئەمە نەبووە بە کولتوور لە نێو ئێمەدا، لەلایەکی دیکەشەوە هاووڵاتییان بۆچوونیان وایە ئەگەر ئەوان پێویستییەکانی قوتابخانەکان دابین بکەن، ئەی چی لەو بودجەیە دێت کە ساڵانە حکومەت بۆ کایەی پەروەردە تەرخانی دەکات؟ بۆچی پەروەردەکان خۆیان کێشەی قوتابخانەکان

چارەسەرناکەن؟ چونکە زۆربەی خێزانی کورد، ئاستی بژێوییان نزمە و ئەگەر حکومەت بێ بەرامبەر خوێندنیان بۆدابین نەکات، دڵنیام زۆرینەیان ناتوانن خوێندن بە منداڵەکانیان تەواو بکەن. گریمان ئەم کارە وەك کارێکی مرۆیی، خێرخوازیی و پەروەردەیی ئەنجام درا، بەڵام ئاخۆ ئەمە دەتوانرێت هەمیشەیی و بەردەوام بێت؟ بۆیە پێشنیار بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، کە ئەمە نەکرێتە ڕێسایەك و بە سەر قوتابخانەکاندا بسەپێنرێت، کە دڵنیام لە خەمی ڕیفۆرمکردنی پەروەردە دایە، وەك چۆن لە سەرەتای دەست بەکاربوونیشیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد.

چوارەم:_ دیدو پەیام و لۆگۆی قوتابخانەکان:_

یەکێکی دیکە لە داواکارییەکانی هاوڕێی ڕەخنەگر لە کارگێڕی قوتابخانەکان ئەوەیە، کە دەبێ هەموو قوتابخانەیەك دید و پەیام و لۆگۆی تایبەتی خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا، بوونی ئەو هەموو دید و پەیامە جیاوازانە لە ئاستی دروشم و پرەنسیپدا، شێواندنی پرۆسەی پەروەردەیە بە بڕوای من وەك مامۆستایەك،

چونکە پەروەردە خۆی لە خۆیدا گەورەترین و پیرۆزترین دید و پەیامە و پێویست بەوە ناکات پەیامی ترمان هەبێت. هەموو پێشکەوتن و بیناکردنێك، هەموو هوشیاریی و درك کردنێك لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات. ئێمە ئەگەر توانیمان پەیامی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی پەروەردەی خۆمان بگەیەنین و پرۆفیشنالانە پراکتیزەی بکەین، ئەوا پێویستمان بە هیچ شتێکی تر نابێت. ئێمە ئەگەر لە قوتابخانەکاندا و لە سەرەتای هاتنی منداڵ بۆ قوتابخانە، ئەوانمان فێری گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، خۆشەویستی خاك و نەتەوە و ئاڵا، هزری ژینگە دۆستی، کولتووری خوێندنەوەی کتێب، لێبوردەیی و گیانی پێکەوە ژیان کرد، پێویست بەوە ناکات پەیامیان بۆ دابنێین و فێریان بکەین. هەندێك بنەما هەن، لە بنەڕەتەوە بەشێکن لە پەروەردە و دەبێ مامۆستا خۆی هەستی پێ بکات و قوتابییان فێر بکات. کە منداڵمان لە قوتابخانە فێری هەموو شتێکی ڕاست و دروست و یاسایی کرد، پێویست بەوە ناکات دید و پەیام دابڕێژین

کە ڕەنگە زۆرینەیان هەر کاریشی پێ نەکەن. ئەمە ئەرکی قوتابخانە و مامۆستایانە کە ئەگەر دید و پەیام لە قوتابخانەش نەبوو، بزانن پەیامی پەروەردەکردنی منداڵ چییە و ئەرکی مامۆستا بەرامبەر بە قوتابییان چییە؟ ئەگەر هاوڕێی ڕەخنەگر تازە ڕێنمایی بە مامۆستایان بدات کە قوتابییان فێری ئەوە بکەن نیشتمانەکەیان خۆشبوێت، ئاڵا و خاکەکەیان بناسن، لە گرنگی پەروەردە و فێرکردن تێ بگەن، مانای وایە ئێمە بیست و هەشت ساڵە هیچمان نەکردووە و دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە. هەرچی سەبارەت بە لۆگۆی قوتابخانەکانیشە، ئەوا بوونی هەر لۆگۆیەك بۆ هەر قوتابخانەیەك، جۆرێك لە بێ یاسایی و بێ بەرنامەیی دەردەخات. بۆیە دەبێت گشت قوتابخانەکان، تەنها لۆگۆی وەزارەتی پەروەردە بکەنە نیشانەی خۆیان.

* ئەم بابەت لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# واند ه بۆ قوتابییان یان بۆ فەیسبووك؟

تــۆڕە كۆمەڵایەتییــەكان لــە نێــو ئێمــەدا، هێنــدەی سەكۆیەكن بـۆ خۆدەرخسـتن و نووسـین و كـۆمێنتی بـێ مانـا و تـوانج گـرتن، هێنـدە ئامرازێـك نـین بـۆ بـە دوا داچـــوون و هوشـــیاركردنەوە و دیـــالۆگی هـــزری و ڕۆشنبیری لە پێناو بـەرە و پێشـبردنی كۆمەڵگە و ژیـانی تاكـەكان. ئێمـە لـە كاتێكـدا زۆربـەی سـاتەكانی ژیانمـان لەگـەڵ ئـەو تـۆڕە كۆمەڵایەتییانـە دەبەینـە سـەرو وەك ئۆكسـحین بـۆ ژیـان دەیـانبینین، بـەڵام زۆر بـە دەگمـەن وەك شـــوێنێك بـــۆ گۆڕینـــەوەی بـــیرورا و دیـــالۆگ دەیـانبینین. لــە كاتێكــدا، لــە كۆمەڵگــەكانی تــر بــە پێچەوانەوەیە. بۆ نموونە:_ سەرۆكی ئەمـەریكا، زۆربـەی لێـدوان و هەڵوێسـتی سیاسـی وڵاتەكـەی، لــە تویتــەر دەخاتـە ڕوو. بۆیـە دەكرێـت لـە بـری بـەكارهێنانی ئـەو تۆڕانـە لـە پێنـاو هەڵوێسـت و كۆمێنـت و نووسـینی بـێ بەها، بە شـێوەیەكی تـر بیـانبینین. ئێمـە هەمیشـە حـەز دەكـەین هــەر كارێــك كــە دەیكــەین، یەكڕاســت لــە

فەیسبووك بڵاویبکەینەوە، تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە ژیانی هیچ کەسێکی تریشمانەوە نەبێت. لە کاتێکدا دەبێ بپرسین کە بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەك، پەرەگرافێك، کۆمێنتێك، دەتوانین چی بکەین و چی بگۆڕین؟ ئایا هەموو شتێك شیاوی ئەوەیە بڵاویبکەینەوە؟ ئێستا دیاردەیەك لە نێو ئێمەدا دروست بووە ئەویش ئەوەیە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتیش فەیسبووك، وەك شوێنگرەوەی هەموو سوچێکی ژیان ببینین و هەر کارێك کە دەیکەین، لە پێناو گۆڕانکاریی و ئامانجی ڕاستەقینەی کارەکە نییە، بەڵکو لە پێناو فەیسبووکە. واتە ئەوە گرنگە چەند ئەو کار و داهێنان و خزمەتانە، دەبنە هۆکارێك بۆ دەرکەوتنمان و بینینمان لە چاوی ئەوانی تر لە فەیسبووکدا. لەم ڕوانگەیەوە، خەریکە دیاردەیەك لە نێوەندی پەروەردەیی ئێمە سەرهەڵئەدات و دەبێتە مۆدێل، ئەویش وانە گوتنەوە و خزمەتکردنی پەروەردە و پاراستنی ژینگە و پەروەردەکردنی قوتابییانە لە پێناو فەیسبووك نەك ئامانجی ڕاستەقینەی پەروەردە.

بەو مانایەی مامۆستایەك كاتێ وانە دەڵێتەوە، كاتێ ئاڵای پیرۆزی كوردستان بە قوتابییان بەرز دەكاتەوە، سەرچاوەی ئاوی قوتابخانە پاك دەكاتەوە، مەبەستیەتی زوو بیكاتە هەواڵ و دەسكەوتی كەسی و تایبەتی و لە فەیسبووك دایبنێت. بۆ ئەوەی نیشانی بدات كە ئەو مامۆستایە چ خزمەتێك دەكات. لە ڕاستیدا، ئەركی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە ئاگاداری ژینگەی سرووشتی و مرۆیی قوتابخانەكەی بێت، ئەركی ئەوە، چاودێری وانە وتنەوە و گرفتی قوتابییان و مامۆستایان و قوتابخانە بە گشتی بكات. ئەمە نە منەتە، نە دەسكەوت، تاكو وەك داهێنان و بەخشش بە كەس و كاری قوتابییان و كۆمەڵگە بە گشتی بیفرۆشنەوە. مەگەر ئەركی بەڕێوەبەر لە قوتابخانە چییە؟ بۆچی دەرماڵەی بەڕێوەبەری وەردەگرێت؟ بۆچی بەشە وانەی كەمترە لە مامۆستایان؟ بۆ ئەوە نییە كە كات و زەمینەی ئەوەی هەبێت ئاگاداری ڕەوشی قوتابخانەكەی لە هەموو لایەكەوە بێت؟ ئەركی مامۆستای وەرزشە ڕۆژانی پێنج شەممە بەو پەڕی ڕێزەوە، ئاڵا بە قوتابییان بەرز

بکاتەوە و قوتابییان فێری خۆشەویستی خاك و نەتـەوە بکات. ئـەرکی سەرشـانی هـەموو مامۆسـتایەکە، بـە پێـی ئەو خشتەیەی هەیە، بەشـە وانـەکانی بڵێتـەوە. مامۆسـتا نـابێ بـۆ فەیسـبووك و لـە پێنـاو دەرکـەوتنی لـە تـۆڕە کۆمەلآیەتییـەکان وانـە بڵێتــەوە. ئەمـە ئـەرکی ئـەوە. مەگەر ئـەرکی ئێمـەی مامۆسـتا چییە ئەگـەر قوتابییـان فێری زانست و خوێندەواری و خۆشویسـتنی ئـاڵا و خـاك و نیشـتمانەکەیان نەکـەین؟ نـابێ لـە پێنـاو دەرکـەوتن، یاخود خۆنماییشکردنی کەسـی و تایبـەتی و شـانازیکردن بـە خۆمانــەوە، کارێـك بکـەین. بـەڵکو دەبـێ لـە پێنـاو داهـاتوویێکی گەشــتر بــۆ قوتابییــان و ڕۆڵــەکانمان ئــەو ئەرکانـەی پێمـان سـپێردراون، بـەو پـەڕی دڵسۆزی و لـە خۆ بوردووییەوە، جێبەجێیان بکەین.

⋆ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (خـەبات) ژمـارە (٥٩٣٣) ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٦ بلاْوکراوەتەوە.

# وانەی هونەر بێ مامۆستای هونەر!

وانەی هونـەر، وەك هـەر بابـەتێكی دیكـەی خوێنـدن، لـە خشتەی وانەكانی هەفتـەدا هەیـە. لـە بازنـەی یەكـەم لـە هەفتەیەك دوو وانە و لـە بازنـەی دووەم، دەبـێ هەفتـەی وانەیـەك بخوێنرێـت، وەلـێ لـە زۆربـەی هـەرە زۆری قوتابخانەكانی ئێمەدا، ئـەو وانەیـە بـە وانەیـەكی لاوەكـی دادەنرێت و پەراوێز دەخرێت. یـان وانەكـە ناخوێنرێـت، یـاخود بەشـە وانـەی بابـەتی هونـەر، بـە بابـەتی تـر پڕدەكرێتەوە. بێگومان هۆكار زۆرن بۆ پشت گوێخستنی وانەی هونەر لە قوتابخانەكان، كە ڕەنگە دەرفەت نـەبێت لێرەدا باسی هەموویان بكـەین. وەلـێ یـەكێك لـە هۆكـارە دیارەكـانی بایـەخ نـەدان بـە وانـەی هونـەر، بـۆ نـەبوونی مامۆستای پسپۆڕی هونەر لە قوتابخانـەكان دەگەڕێتـەوە. چونكە نابێ ئەوەمان بیر بچێت كـە هونـەر پسپۆڕایەتی و تایبەتمەندییـــە. وەك چـــۆن هـــەموو مامۆســـتایەك ناتوانێت بە نموونە وانەی ئینگلیزی بلێتەوە، بـە هـەمان شـێوەش مامۆسـتا ناتوانێـت وانـەی هونـەر بـە قوتابییـان

بلێیت و فێری وێنە کێشان و هونەرەکانی دیکەیان بکات، ئەگەر پسپۆڕییەکەی ئەو بوارە نەبێت. ئەگەرچی قوتابی بەهرەمەند، لێهاتوو لە ڕووی هونەرییەوە، بە شێوەیەکی خۆرسك بوونییان هەیە، وەلێ ئەگەر ئەو بەهرە و توانا خۆرسکییانە پەروەردە نەکرێن، بێگومان سەرەنجام دەپووکێنەوە. بۆیە ئێمە پێویستیمان بەوەیە بە شێوەیەکی دیکە گرنگی بە وانەی هونەر بدەین. شێوەیەك کە ڕێگە و میتۆدێکی ئاسان لە خۆ بگرێت. بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت ئەگەر پسپۆڕییەکەشی هونەر نەبێت، زانیارییەك بداتە قوتابییان. لێرەوەش دەبێت میتۆدێکی ئاسان و ساکار هەبێت، تاکو لەگەڵ هزر و تێگەیشتنی قوتابییانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و قۆناغەکانی دواتر بگونجێت. نەك میتۆدێك بخرێتە بەردەست مامۆستا، کە چەندین بابەت و زانیاریی ورد و ئاڵۆزی تێدابێت و نەتوانرێت بگەینرێتە قوتابییان و خوێندکاران. لەو ڕوانگەیەوە کتێبی (پەروەردەی هونەر _ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی) کە وەك ڕێبەرێك بۆ مامۆستایان داندراوە، میتۆدێکە بابەتی قورس و ئاڵۆزی

تێدایه كه ئەستەمە قوتابی و خوێندكارانی پۆلی یەك بتوانن سوودی لێ ببینن. ئەم كتێبە كە (م _خەلیل عەلی عەبدولاّ) ئامادەی كردووە، وەك ڕێبەرێكە تاكو مامۆستا بتوانێت لە پۆلی یەكەمی بنەڕەتی، بیكاتە نەخشە ڕێگایەك و بە هۆیەوە وانەی هونەر بە قوتابییان بلّێتەوە. ڕەنگە ئامادەكاری كتێبەكە، بیری چووبێت كە بە هەزاران قوتابخانەی ئێمە، مامۆستای پسپۆڕی هونەرییان نییە. ئیدی چۆن دەتوانن بەو میتۆدە زانستی و هەمەلایەنە هونەر بلّێنەوە؟ لەو كتێبەدا، چەندین چەمك و دەستەواژە باسكراون، كە تێگەیشتنیان بۆ قوتابی قۆناغی یەكەمی بنەڕەتی قورسە، تەنانەت بۆ خودی مامۆستایەكیش ئەگەر پسپۆڕییەكەی هونەر نەبێت هەر قورسە. بۆ نموونە:_بابەتەكانی (پێكەر _ڕەسەنایەتی _نەرمكێشی_جوانناسی _دەربڕینخوازی _ هێلكاری ئازاد _ مۆنۆتایپ _ كاری دەستی_كۆلاژ _داوكاری_هەویركاری _ ڕیساكلین_ گرووپكاری _تایبەتمەندی) ئەمانە و چەندین چەمكی تر. ئاخۆ

مامۆستایەك ئەگەر پسپۆڕییەكەی هونەر نەبێت، دەتوانێت ئەو بابەتانە بلێتەوە؟ مامۆستا چۆن و بە چ شێوەیەك چەمكی (ئستاتیكا) و (دەربڕینخوازی) بە نموونە بۆ قوتابییان شیبكاتەوە؟ لە كاتێكدا، هونەرمەندێك دوای سالانێكی زۆر لە كاری هونەری، ئەو كات بەرەو هونەری دەربڕینخوازی دەچێت. ئەم كتێبە، كە وەك ڕێبەرێك بۆ مامۆستای هونەر داندراوە، كتێبێكی ئالۆزە، ناتوانرێت بە پێی ناوەڕۆكی ئەو ڕێبەرە هونەر بە قوتابییان بگوترێتەوە، ئەگەر مامۆستا دەرچووی نێوەندێكی هونەری و پسپۆڕی هونەر نەبێت. قوتابی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی، نەك هەر لە مانای ئەو وشانە ناگات، بگرە نازانێ هونەر یانی چی؟ من خۆم وانەی هونەر دەلێمەوە، هەركاتێك باسی هونەر دەكەم، قوتابییەكان یەكڕاست ( قەڵەم ڕەنگ و تێنووسی وێنەكردن) دەردەهێنن. واتا لای ئەوان، هونەر بە مانای ڕەسمكردن. بگرە هەندێكییان ڕەنگەكانیش نا ناسن و پێیەوە ئاشنا نین وەك:_ (ئەرخەوانی و سلقەرو جەرگی) و تەنانەت سەوز و شینی كاڵیش. ئیدی نازانم

مامۆستا چۆن دەتوانێت بەو ڕێبەرە وانە بۆ قوتابییان بلێتەوە؟ بۆیە پێشنیار دەکەم لە بازنەی یەکەمی بنەڕەتی، وانەی هونەر تەنها ناسینی ڕەنگەکان و دروستکردنی چەند وێنەیەکی سادە و ئاسایی بێت. دواتر وردە وردە و لە قۆناغەکانی دیکە، قوتابییان فێری ئەو چەمکانە بکرێن. زۆربەی قوتابخانەکانی ئێمە، مامۆستای هونەریان نییە، بۆیە دەبێت ڕێبەرێك بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەی هونەر لە قوتابخانەکان دابنرێت، کە لەگەڵ ئاستی زانیاریی و توانای تیۆریی و پراکتیکی مامۆستایان بگونجێت. نەك میتۆدێك دابنرێت، باسی هونەر بە شێوەیەکی مەعریفی و ئەکادیمی و پسپۆڕی بکات، کە تەنها دەرچووانی بەشی هونەر لە کۆلیژ و پەیمانگاکان، بزانن مەبەست لە ناوەڕۆکی بابەتەکان چییە.

⋆ ئەم بابەتە لە ژمارە (٣٢٥٥) ی ڕۆژنامەی (هەولێر) ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ بڵاوکراوەتەوە.

# هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی بەرز ڕاگرتنی زمانی کوردی

زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو، یەکێك بووە لەو ماکە نەتەوەییانەی نەتەوەی کوردی لە سڕینەوە و نەمان پاراستووە. گەلێك جار دوژمنانی کورد توانیویانە شکست بە شۆڕشەکانی کورد بێنن، خاك و نیشتمانی داگیر بکەن، ژینگە و جواگرافیاکەی خاپوور بکەن و بیسووتێنن، بەلاَم نەیانتوانیوە زمانی کوردی کە وەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە لە نێو بەرن. بۆیە چەند گرنگی بە زمانەکەمان بدەین، ئەوەندە هەست و شوناسی نەتەوەییمان دەردەکەوێت. بە تایبەتیش بۆ نەتەوەیەکی وەکو ئێمە، کە تا ئێستا قەوارەیەکی سەربەخۆمان نییە. لەو ڕوانگەیەوە یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەی بە ئارستەی بەرز ڕاگرتنی زمانی کوردی لە دەسپێکی کارەکانی کابینەی نۆیەم نرا، بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە بوو، کە تیایدا سیستەمی

خوێندنی هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکانی بە زمانی ئینگلیزی لە چەند قوتابخانەیەك هەڵوەشاندەوە. لە بەرئەوەی خۆم مامۆستام و لە نێو کایەکەدام، دەزانم ئەو سیستەمە چ ئاریشە و گرفتێکی گەورەی بۆ مامۆستایان و قوتابییان دروست کردبوو. تەنانەت یەکێك لە مامۆستاکان پێی گوتم:_( کە قوتابییەکانی تەنها بایەخیان بە زانست دەدا و هەموو بابەتەکانی دیکەیان فەرامۆش کردبوو، کە خۆی لە یەکێك لەو قوتابخانانە مامۆستایە لە سنووری پەروەردەی ڕوانـدز کە ئەو سیستەمەی پەیڕەو دەکرد) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە هەزاران قوتابی لە زمانی کوردی کە زمانی دایکییانە ئاستیان لاوازە لە ڕووی نووسین و خوێندنەوەدا. ئیتر نازانم چۆن دەتوانن دوو بابەتی قورسی وەك زانست و بیرکاری بە ئینگلیزی بخوێنن؟ کەس ئینگلیزەکانی بینیوە بە زمانی کوردی لە بەریتانیا شکسپیر بخوێنن؟ کەس ژاپۆنییەکی بینیوە، زمانی چینی پێ لە پێشتر بێت لە زمانی خۆی؟ بە داخەوە ئەوە تەنها ئێمەین لە هەموو شتێکدا هەر دەمانەوێت

پاشکۆی خۆرئاوا بین. وەزارەتـی پـەروەردە، کـە ئـەرکێکی گــەورەی پـــەروەردەکردنی نـــەوەکانی داهــاتووی لـــە ئەستۆیە، دەبێ نەوەکان بە شێوەیەك پێ بگەیـەنێت کـە شانازی بە زمانی خۆیانەوە بکەن و بـەو زمانـەوە زانست و ماتماتیـك فێـر بـن. لـە سیسـتەمی ئێستای پـەروەردەی ئێمـــەدا، زانســـتەکان بابەتێکـــە (خـــۆم ئـــەو بابەتـــە دەڵێمــەوە) لــە هــەموو قۆناغەکانــەوە هێنــدە قــورس و ئـاڵۆزە، کـە ئەگـەر مامۆسـتا پسـپۆڕی بابەتەکـە نـەبێت، ناتوانێت بیڵێتەوە، چ جای بگات بـەوەی ئـەو بابەتـە بـە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت. گرنگـە ئـەو ڕێسا و ڕێنماییـە پەروەردەییانـــەی بـــە مەبەســـتی پێشخســـتنی بـــواری پـەروەردە لـە نێـو ئێمـەدا سـوودیان لـێ وەردەگیرێـت و پــــەیڕەو دەکــــرێن، بگونجێنــــدرێن لەگــــەڵ لایــــەنی کۆمەلایەتی و پـەروەردەیی کۆمەڵگـەی کـوردی، نـەك بـە ناوی سیستەمێکی پێشکەوتووی خۆرئاوایانـە، هـەر تـەنها بە ڕووکەش کاری پێ بکەین .

★ لە ڕۆژنامەی (وشە) بلاۆکراوەتەوە.

# کتێبی _ کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و چەند سەرنجێك
## _ کتێبی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بە نموونە_

کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ناونیشانی بابەتێکی نوێی خوێندنە، کە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تاکو نۆیەمی بنەڕەتی، بۆ ئەمسالٚی خوێندن (٢٠١٩_٢٠٢٠ ) بە شێوەی تێست لە چەند قوتابخانەیەکی هەرێمی کوردستاندا دەخوێندرێت. وا بڕیارە بۆ سالٚی ئایندە، ببێتە بەشێك لە وانە هەمیشەییەکانی خوێندن، لەو پۆلانەی ئاماژەمان پێدان. ئامانج لە دانانی ئەم بابەتە، وەك بەشێك لە میتۆدەکانی خوێندن، ئاشناکردنی منداڵانە بە لێهاتوویی و ئەو بەها کۆمەڵایەتی و مرۆیی و نیشتمانییانەی، کە دەبێ لە سەرەتاوە منداڵان فێر بکرێن. بۆ ئەوەی بەهاکان ببنە بەشێك لە پێگەی کەسایەتی و پەروەردەییان لە داهاتوودا. لەو ڕوانگەیەشەوە، لە کتێبی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا، چەند چەمك و زاراوەیەك خراونەتە ڕوو، بۆ ئەوەی لە

قوتابخانەکاندا بە ڕێنوێنی مامۆستایان، قوتابییان فێر بکرێن. بێگومان پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، سەرەتاو دەسپێکی منداڵە بە ئاشنابوونی بە قوتابخانە، بۆیە چەند توانا پەروەردەییەکان لەو قۆناغەدا چڕ بکرێنەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوەندە لە داهاتوودا پرۆسەی پەروەردە لە قۆناغەکانی تر بۆ منداڵ ئاسانتر دەبێت و بە پێچەوانەوەش. وەلێ گرفتێک کە زۆر جار ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە، کە کاتێ میتۆدی بابەتێك بۆ منداڵان دادەنێین، ئەوا بە پێی دنیابینی و تێڕوانینی گەورەکان دایدەنێین نەك ئاستی هزری و تێگەیشتنی منداڵ. بۆ نموونە: قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، نووسین نازانێت، پیتەکان ناناسێت تا کۆتایی ساڵ، ئەو کات ئاشنای هەموو پیتەکان دەبێت، کەواتە چۆن دەکرێت کتێبێکی بۆ دابنێین و داوای لێ بکەین وەڵامی پرسیار بداتەوە؟ یان ڕستەیەکمان بۆ بنووسێت؟ ئەگەر قوتابی پیتەکان نەزانێت، دەتوانێت وشە و ڕستە بنووسێت؟ بۆیە زۆر گرنگە بە هەستیارییەوە، وە بە ڕەچاوکردنی دنیا و پێگەی منداڵ، بابەتێك دابنێین و

دیــاری بکــەین. لەلایــەکی تــرەوە، کارامــەیی و بــەها کۆمەڵایەتییــەکان، بــە پێــی تەمــەن و تێگەیشتنی منــداڵ دەگۆڕێــت. دەکــرێ ئێمــە منــداڵێکی پــۆلی یــەك فێــری ژینگــە پــارێزی بکــەین، بــەڵام ئەســتەمە بتــوانین فێــری چــەمکی هــاووڵاتیبوون، نیشــتمانپەروەرەی و لانــەدانی یاسایی بکەین، دەبێت فێری ئەوانەشی بکەین، وەلێ لە پۆلــەکانی داهــاتوو. کــە چــی لــە کتــێبی بــەها کۆمەڵایەتییــەکانی پــۆلی یەکــەمی بنەڕەتیــدا، چــەندین چــەمکی سیاســی و فیکــری خراونەتــە ڕوو، کــە دەبــێ قوتابییان فێــر بکــرێن. ئــەم میتــۆدە بــە بــڕوای مــن وەك مامۆســتایەك، میتۆدێکــە لــە ســەرووی تێگەیشــتنی قوتابییــانی پــۆلی یــەك. بگــرە زۆرینــەی مامۆســتایانیش زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارەی شیکاری ئــەو چەمکانەوە نییــە. مەگــەر مامۆســتایەك کــە خوێنــەری کتێــب و پاشــخانێکی گــەورەی ڕۆشــنبیری و فیکــری هــەبێت. لــە ڕاستیدا، پۆلی یەکەم پــۆلی فێربوونــە نــەك زانــین، بۆیــە دەبێــت کــەمترین شــیکاری و ڕوونکردنــەوەی تێــدا بێــت. بەڵکو پتر وێنە و هێلکاری هەبێت. بــۆ نموونــە:_ قوتــابی

پۆلی یەك، نازانێت ژینگە پارێزی وەك چەمك چییە، وەلێ کاتێ وێنەیەك دەبینێت تیایدا کەسێك خاشاکێك هەڵدەگرێتەوە، ئیدی ئەو وێنەیە لە هزریدا دەچەسپێت. بۆیە گرنگە هەر میتۆدێکی خوێندن بۆ بازنەی یەکەمی بنەڕەتی و بە تایبەتی پۆلی یەك دادەنرێت، ڕەچاوی ئاستی هزریی و گەشەسەندنی دەروونی قوتابی بکرێت. نەك هەوڵبدەین ئاشنای بکەین بە باسێك کە ڕەنگە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تەمەنی ئەوەوە نەبێت. لێرەدا وەك مامۆستایەك بەشێك لەو کێماسییانە دیاری دەکەین، کە لە کتێبی کارامەیی و بەهای کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هاتوون. ئەوانیش:_

★ لا ١٣ (داوا لە قوتابییان دەکات کە ناو، حەز، شوێنی نیشتەجێبوون، تەمەنی خۆیان بە نووسین لە نێو بۆشاییەکدا بنووسن) پرسیار ئەوەیە، ئەگەر قوتابی فێری پیتەکان نەبوو بێت، دەتوانێت ڕستە بنووسێت؟.

★ لا ١٧ ( لەم لاپەڕەیەدا داوا لە قوتابییان دەکرێت دوو لە حەزەکانی بنووسێت) پرسیاری من وەك مامۆستایەك

ئەوەیـــە، کــە حــەزەکانی قوتــابی پــۆلی یــەك، دووان و سێیانن؟ ئایا هەمان تێگەیشتنی گـەورەکانیان هەیـە تـاکو حەز و خەونەکانیان لە هیوا و ئاواتێکدا کۆبکەنەوە؟

★ لا٢٠ نووســراوە:_( پابەنــدی ڕێســاکانی ماڵــەوە دەبم) بــەبێ ئــەوەی دانــەرانی کتێبەکــە، ڕێســاکەیان دیــاریی کردبێت. سـەیر لـەوە دایـە، لـە نێـو ژوورەکـەش تـۆپێکی یاریکردن هەیە !

★ لا ٢٢ نووســـــراوە:_( نــاوی ئەنـــدامانی خێزانەکـــەم دەنووســـــم ) قوتـــابی پـــۆلی یـــەك دەتوانێـــت نـــاوی خێزانەکەی بنووسێت؟

★ لا ٢٣ نووســراوە:_(مامۆســتا دەڵێــت مــن بەختــەوەرم چــونکە خێزانەکــەم خۆشــدەوێت) ئایــا دەبــێ تــەنها خێزانەکـەمان خۆشـبوێت؟ ئـەی کوردسـتان؟ ئـەی ئـاڵا؟ ئەی قوتابخانە و مامۆستاکان؟

★ لا ٣٦ نووســـــراوە:_(ئێمـــە کۆمەڵگەیـــەکی بچـــووك پێکدەهێنین) کۆمەڵگـەی بچووك تـەنها مانایـەکی کـورت و ئەبستراکتی هەیە تا بە ئاسانی قوتابی پۆلی یـەك فێـر بکرێت؟

٭ لا ٣٧ نووسراوە:_(سریان _ئەرمەن_تورکمان) قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، کە هێشتا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی نازانێت کە (کوردی) یە، ئیدی پێم نالێن چۆن فێری ئەوە بکرێت ئەرمەنی و سریانییش نەتەوەن؟ لە کاتێکدا ئەوان زمان و کولتوورو ئایین و هەموو شتێکییان جیایە لە کورد. نابێ هەموو ئەو سیما نەتەوەییانەش بزانن؟

٭ لا ٣٩ نووسراوە:_(مۆڵ) نازانم قوتابی پۆلی یەك چ پێویستی بەوەیە مۆڵ و مۆتێل بزانێت؟ کە خەریکە ئەم دەستەواژانە، زمانی ڕەسەنی کوردی دەشێوێنن.

٭ لا ٥٩ نووسراوە:_( ناوی سێ لە مامۆستاکانم دەنووسم) قوتابی کە هێشتا فێری هەموو پیتەکان نەکراوە، نازانم چۆن دەتوانێت ناوی مامۆستاکانی بنووسێت؟!

٭ لا ٧٥ نووسراوە:_( تەندروستی گەنجینەیەکی بەردەوامە) وشەی گەنجینە، چۆن بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ڕووندەکرێتەوە؟!

★ لا ٨٠ نووسراوە:_ ( لەم لاپەڕەیەدا، وێنەی چەندین خۆراكی جۆراوجۆر داندراوە، كە داوا لە قوتابی دەكات سوودەكانیان بنووسێت) لە ڕاستیدا، قوتابییەكی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیش ناتوانێت كۆی سوودی ئەو خۆراكانە بنووسێت، چ جای قوتابییەكی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی. وەك مامۆستایەك دەكرێ بپرسم، دانەرانی ئەو كتێبە، كتێبەكەیان بۆ چ تەمەنێك داناوە؟ ئایا ڕەچاوی ئاستی هوشیاریی و تێگەیشتنی منداڵێكی تەمەن شەش ساڵیان كردووە؟

★ لا ١٠٤ نووسراوە:_(دڵسۆزی لە كاركردن ئامانجی هەمووانە) بێگومان هەموومان دەزانین تا تەمەنی هەژدە ساڵی، بە پێی جارنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ، تەمەنی منداڵییە. بۆیە كاركردنی منداڵان قەدەغەیە و ڕێپێدراو نییە. كەچی لە وێنەكەدا، منداڵان فێری كاركردن دەكرێن !

★ لا ١١٦ نووسراوە:_(بەهێزكردنی توانای زمانەوانی _توانای نووسین) ئەمە وەك سوودەكانی خوێندنەوە نووسراوە. بەڵام دەكرێ ئەو پرسیارە بكەین، ئایا

خوێندنـەوەی منداڵـەکان وەك گەورەکانـە؟ ئـەوان چـی دەخوێننـەوە؟ خوێندنـەوەی ئـەوان بـۆ ئەوەیـە فێـری پەروەردە و ڕەوشتی جوان بکرێن، یان ببنە زمانزان و شارەزای ڕێنووس؟ وێـرای ئەمانـەش هـەر لـەو کتێبـەدا، چـەندین چـەمك و دەسـتەواژە باسـکراون، کـە بـۆ قوتابییانی پۆلی یـەك نـەك هـەر ئەستەمن، بـەڵکو بـۆ قۆناغـەکانی دواتـریش. بـۆ نموونـە:_(دەسـت پـاکی _خۆبەخشی _ پلان _ ڕۆژنامەنووسی _ پارێزەری _ بوێری_ پابەندبوون بەکات_سۆز _شەڕانگێزی) ئەمانە و زۆر چەمکی دیکەش. بێگومان ئێمە مەبەستمان ئـەوە نییە کە قوتابی فێری ئەو چەمکانە نەکرێت، وەلـێ بەو میتۆدە نا. تۆ لە بری ئـەوەی بە قوتابی بڵێیت دەست پاك بە، دەتوانیت پێی بڵێیت (کە شتێکت دۆزییەوە بیبەرەوە بۆ کارگێڕی قوتابخانە).

٭ ئـەم بابەتـە لـە ڕۆژنامـەی (وشـە) ژمـارە (٣٢٠) ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ بلاْوکراوەتەوە.

# پلانی وانه وتنەوه و چەند سەرنجێك

یەكێك لـەو ڕاسپاردانەی كە بـەردەوام سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەیی (كـە ئێسـتا بـووە بـووە هـاوڕێی ڕەخنـەگر) جەختی لە سەر دەكەنـەوە لـە میانـەی سـەردانیكردنیان بۆ قوتابخانەكان ئەوەیـە، كـە دەبـێ مامۆسـتا پلانـی وانـە وتنـەوەی هـەبێت. پێویسـتە بابەتـەكانی خوێنـدن، بـە پێـی ئـەو پلانـە بـە شێوەیەكی ڕۆژانـە و مانگانـە دیـاری بكرێـت. بێگومـان هـەبوونی پـلان بـۆ هـەر كارێـك و لـە هەر بوارێكی ژیان دابێـت، كـارێكی سـەركەوتووە، چونكە پـلان وا دەكـات كـە بەشـێوەیەكی سیسـتەمێزەكراو، بـە گونجانـدن لەگـەڵ كـات، كارەكـان ئـەنجام بـدرێن. بۆیـە كەسمان لاری لەوە نییە كە پلان نەخشە ڕێیـەكی گرنگـە و دەبـێ مـرۆڤ بـۆ هـەر هـەنگاوێك لـە ژیانـدا، پلانـی هەبێت. وەلێ نابێ ئەوەمان بیر بچێت كە بایـەخی پـلان، لـە پراكتیزەكردنـی دایـە. ماهیـەتی هـەموو شـتێك، ئـەو كاتـە شـوێنی خـۆی دەگرێـت و دەردەكـەوێت، كـە تـوانرا پراكتیك بكرێـت. ئەگـەر نـەتوانرا بـە پێـی ئـەو پلانـەی

کە داندراوە کارەکان بکرێن، ئەوا بوونی پلان بە شێوەیەکی تیۆری، هیچ بایەخێکی نییە. لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر پلانی وانە گوتنەوە، لەگەڵ وەرزی خوێندن بەراورد بکەین، ئەوا بە هیچ شێوەیەك مامۆستا ناتوانێت بە پێی ئەو پلانەی کە دایناوە وانە بڵێتەوە. چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا، دەرفەتی ئەوەی نییە ئەوەی دایناوە وەکو خۆی جێبەجێی بکات. لە کاتێکدا پلانی ڕۆژانە بۆ ڕۆژانەیە. ئەگەر مامۆستا نەیتوانی ئەو بابەتە بڵێتەوە کە بە پێی پلانەکە بۆ ڕۆژێکی دیاریکراو دایناوە، ئەوا دەچێتە ڕۆژی دواتر، بە هەمان شێوە بۆ هەفتەی دواتر، لێرەوەش ڕێرەوەی ئەو پلانەی کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی داندراوە، بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ ناکرێت. بە دەربڕینێکی تر، گریمان ئەگەر مامۆستایەك پلانی دانابێت بۆ ئەوەی لە نێوان ( ٢٥/ ٢ تاکو ٥/٢ چەند بابەتێك لە خوێندنەوە و ڕێزمانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بخوێنێت، ئەوا ئەمساڵ بە هۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەو ماوەیە بوو بە پشوو، لێرەوەش هەموو ئەو بابەتانە

نـەتوانرا بـە پێـی پلانـی داڕێـژراو بخوێنرێـت. کەواتـە دەکـرێ سەرپەرشـتیاران پـێم بڵـێن، مامۆسـتا چـۆن دەتوانێت بە پێی پلان لەگەڵ میتـۆدی خوێنـدن بـڕوات کە ئەوان بەردەوام جەختی لێ دەکەنەوە؟ بە بـێ ئـەوەی واقیعیانـە و زانستییانە زەمینـەی جێبـەجێکردنی ئـەو پلانە بزانن؟ بە هەمان شێوە، ئەمساڵ لـە وەرزی یەکـەم، لە ٢٥ /١٢ تاکو ١/٤ پشوو ڕاگەیانـدرا، واتـا ئـەو بابەتانـەی کە دەبوو لە میانـەی وەرزی یەکـەم بخوێنـدرێن، کەوتنـە دوای ئەزموونــەکانی وەرزی یەکــەم و لــە وەرزی دووەم دەبـوو قـەرەبۆی ئـەو پشـووە بکرێتـەوە. کەواتـە ئێمـە پلانمان هەیە، وەلێ بە هیچ جۆرێك ناتوانین وەکو خـۆی جێبـەجێی بکـەین. خـۆم  مامۆسـتام و بـە پراکتیکـی لـە نێو واقیعەکە دام، ئیدی لە هـاوڕێی ڕەخنـەگر زۆر باشـتر دەزانم کـە ناتوانرێـت بـە پێـی پلانـی دانـدراو، لەگـەڵ بابەتـەکانی خوێنـدن بڕۆیـت و تـەواوی بکـەیت. بـە تایبـەتیش کـە هـەموومان دەزانـین ڕۆژەکـانی پشـوو لـە کۆمەڵگەی ئێمـەدا چـەند زۆرن. ناکرێـت هـەر تـەنها بـۆ نـاو بەشـێوەیەکی تیـۆری پلانمـان هـەبێت. ڕەنگـە

زێدەگۆیی نەکەم ئەگەر بڵێم، سێ بەشی مامۆستایان، تەنها بە شێوەیەکی ڕەمزی و بۆ ڕازیکردنی سەرپەرشتیار پلان دائەنێن، نەك ئەوەی باوەڕیان پێ بێت، چونکە دەزانن ئەستەمە بە پلان بڕۆیت. گرفتی لەمە گەورەتریش ئەوەیە، کە سەرپەرشتیاران داوا دەکەن کە هەر چۆنێك بێت، دەبێ تا کۆتایی ساڵ ناوەڕۆکی بابەتەکان هەموو بخوێندرێن، کە ئەمەش گرفتێکی دیکەیە و وا لە مامۆستایان دەکات بە شێوەیەکی خێراو بێ قووڵبوونەوە بابەتەکان شرۆڤە بکەن. لە بەر ئەوەی ناچاردەبن ئەوەی پێویستە لە ماوەی چەند هەفتەیەك بخوێندرێت، ئەوان بە چەند ڕۆژێك تەواوی بکەن. لێرەوەش قوتابی تەنها بەشێوەیەکی ئەزبەرکردن فێری بابەتەکان دەبێت. بۆیە بە پێویستی دەزانم وەك مامۆستایەك چەند خاڵێك لەو بارەوە بخەمە ڕوو:_

١_ نابێ سەرپەرشتیاران، مامۆستایان ناچار بکەن، کە هەر دەبێ پلانیان هەبێت، بەڵکو دەبێ ئەمە ئارەزوومەندانە بێت، ئەوان دەتوانن لە بری فشار

دروستکردن، نمره لە مامۆستا بشکێنن لە چوارچێوەی فۆڕمی هەڵسەنگاندن.

٢_بە پێویستی دەزانم کابینەی نۆیەم و وەزارەتی پەروەردە، بە فەرمی و بە پێی خشتەیەکی جێگیری ساڵانە، پشووەکان یەکلایی بکەنەوە. چونکە ئەمە باشتر دەرفەت بۆ مامۆستا دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی وانە و پلان هاوسەنگ بکات.

٣_ پێشنیار دەکەم وەزارەتی پەروەردە، بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو خاوەن ئەزموون، لە چوارچێوەی وەرزەکانی خوێندن، ئەو بابەتانە دیاری بکات کە پێویستە لە میانەی هەر وەرزێکدا بخوێندرێن و تەواو بکرێن. دواتر گشتاندنی بۆ بکرێت بۆ پەروەردەکان.

٤_ گرنگە جەخت لەوە بکرێتە کە قوتابی چەند فێر دەکرێت و پێوانەی ئاستی زانست بکرێت، نەك هەر چۆنێك بێت پرۆگرامی بابەتەکان تەواو بکرێن. فێربوون گرنگە نەك تەواوکردنی مەنهەج. ئەگەر قوتابی بە باشی فێری خوێندنەوە و ڕێنووس، نووسینی

وشە و ڕستە بوو، گرنگ نییە هەر چەند بابەتێکیش بخوێنێت. ئامانجی ئێمە لێرەدا خودی فێرکردنەکەیە، نەك تەواوکردنی لاپەڕەکانی بابەتێکی خوێندن.

٥_ هەر کاتێك بارودۆخێکی نەخوازراو بە هەر هۆیەکەوە بێت هاتە پێش و لە ناوەندەکانی خوێندن پشوو ڕاگەیاندرا، ئەوا وەك مامۆستایەك بە گونجاوی دەزانم کە ماوەی درێژکردنەوەی وەرزی خوێندن، نەکەوێتە مانگی ئایار و نزیکبوونەوەی وادەی ئەزموونەکان. چونکە ئەو کات کەش و هەوا گەرم دەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر لایەنی جەستەیی و هزری قوتابی دەبێت.

٦_ پێشنیار دەکەم، هەموو ساڵێك دەرگای قوتابخانەکان، لە دەی ئەیلول بکرێنەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر وەرزێکی خوێندن بە هۆکاری پشووێکەوە، خوێندن بۆ چەند ڕۆژێك وەستا، ئەوا کار نەکاتە سەر ڕۆژەکانی وەرزی خوێندن..

دواجار بڕوام وایە، کە مامۆستایان خۆیان لە سەرپەرشتیاران باشتر دەزانن، وانە چۆن و بە پێی کام

پـلان بگوترێتـەوە. ئـەوان بـە شـێوەیەکی مەیـدانی و پراکتیکی و هەموو ڕۆژێکیش لە نێو واقیعەکەدان. بۆیـە ئـەوەی گرنگـە کـە ئـەوان جـەختی لـێ بکەنـەوە و بـە دواداچوونی بۆ بکەن ئەوەیـە، کـە قوتابییـان چـەند فێـر کـراون و ئاسـتی زانسـتییان چـۆنە، نـەك ئـاخۆ مامۆسـتا تێنووسی پلانی هەیە یـاخود نـا، کـە بایـەخێکی ئـەوتۆی نییە.

★ ئـەم بابەتـە لـە ڕۆژنامـەی خـەبات مـانگی ١١ ی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

## ڕاگرتنی پرۆسەی خوێندن و چەند سەرنجێك

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ژیانی قوتابییان و مامۆستایان و کارمەندانی بواری پەروەردە بە گشتی، وەك هەر توێژێکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە، لە بەرایی هەموو شتێکە و پاراستنی گیان و ژیانییان لەو پەتایە، ئەرکێکی ئەخلاٰقی و کۆمەلاٰیەتی و پەروەردەیە. هەڵبەتە، کەسمان لەوەدا لاریمان نییە. چونکە هەمیشە خۆپاراستن باشترە لە چارەسەریی و ئەمە ڕاسپاردەیەکی بواری تەندروستییە و تا ئێرە ئاساییە، بەلاٰم لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ دیوێکی دیکەی ئەو بابەتە ببینین، کە ئەویش ڕاگرتنی پرۆسەی خوێندن و دابڕانی قوتابییانە لە وانەکانییان و نێوەندەکانی خوێندن بۆ ماوەیەکی درێژ و هاوکات دەبێ ئەو لێ کەوتانە لە بەر چاوبگرین کە لێی دەکەونەوە. بە بڕوای من وەك مامۆستایەك، ناکرێت بە درێژایی هەبوونی ئەو ڤایرۆسە، دەرگای قوتابخانەکان بە داخراوی بمێننەوە. گریمان ئەو ڤایرۆسە، پێنج ساڵی تر بەردەوام بوو، دەکرێ

خوێندنیش بۆ ئەوەندە ساڵە دوا بخرێت؟ بۆیە ئەمە ڕەنگە بڕاردەیەکی دروست نەبێت.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کە دەوامی قوتابخانەکان دەستی پێکردەوە، وەك مامۆستایەك هەستم بە جۆش و خرۆش و شادییەکی زۆری قوتابییان کرد، وێرای هەبوونی ئەو دۆخە ترسناکە، قوتابییان بە تامەزرۆییەوە ڕوویان لە قوتابخانەکان کردەوە و بە دیداری هاو پۆل و هاوڕێکانییان شادبوونەوە. قوتابخانەکان لە پاڵ نێوەندێك بۆ خوێندن، هەمیشە وەك نێوەندێکی یەکتر ناسین و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قوتابییان دەبینرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، درکم بەوە کرد، کە ئەو دابڕانە زۆرەی چەند مانگی ڕابردوو، کاریگەریەکی گەورەی ڕوحی و دەروونی و پەروەردەیی و مەیدانی، لە سەر قوتابییان جێهێشتبوو. بە ڕادەیەك چۆن ڤایرۆسێك لە کۆمپیوتەرێك دەدات و پێویستی بە فۆرمات کردنەوەیە، بەو شێوەیەش هزری قوتابییان پێویستی بە سەر لە نوێ ئاشناکردنەوەیان بە بابەتەکانی خوێندن هەبوو. تا

ئەو ئاستەی قوتابی هەرە زیرەك، شتێكی ئەوتۆی بیر نەمابوو. ئەم دابڕانە مەیدانی و پراكتیكییە لە قوتابخانە بۆ قوتابییان بە گشتی، دەرەنجامێكی نەرێنی لێ دەكەوێتەوە و ڕەنگە ئەگەر چەند سالێك بەردەوام بێت، ئیدی قوتابییان هەر ئارەزووی خوێندن و چوونەوە بۆ نێو پۆلەكانی خوێندنیان نەمێنێت. لە بری ئەمە، ئالوودەی یارییە ئەلكترۆنییەكان و یاری پۆبجی دەبن. بۆیە دەبێت بیر لە ئەلتەرناتیڤێكی دیكەی گونجاو بكرێتەوە بۆ پرۆسەی خوێندن. ئەو پلانەی وەزارەتی پەروەردە لە دەسپێكی دەوامدا بۆ قۆناغەكانی یەكەم و دووەمی بنەڕەتی و دوانزەی ئامادەیی دایانابوو، پلانێكی گونجاو بوو. بەلام بە داخەوە وەك پێویست لەلایەن مامۆستایان و قوتابییانەوە جێبەجێنەكرا و ڕێساو ڕێگاكانی خۆپارێزی لەو نەخۆشییە، وەك پێویست لە ئاستی پراكتیكیدا پیادە نەكرا. ئەمەش بووە هۆكاری سەرەكی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوان. لە كاتێكدا ئامێری پێوانەی پلەی گەرمی و ماسك، لەلایەن سەرۆكی حكومەتەوە بۆ قوتابخانەكان

دابینکرابوو، بەڵام خۆپارێزی نەدەکرا. بۆ نموونە:_ بەیانییان بە دەیان قوتابی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی ڕواندزم دەدەیت، بێ ماسك و دەسکێش، ڕۆژانە دەچوونە قوتابخانە. لە کاتێکدا بەستنی ماسك هەر بۆ ناو قوتابخانە نییە، بەڵکو بۆ دەرەوەی قوتابخانەشە. ئەرکی خێزان و مامۆستایانە، لەم ڕووەوە بە دواداچوون بکەن و جەخت لە خۆپارێزی بکەنەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، بە داخەوە تێگەیشتنێکی هەڵە و فۆبیا ئامێز لای ئێمە بەرامبەر کۆرۆنا دروست بووە، کە هەر کەسێك لەرزو تایەکی ئاسایی، کەمێك کۆکە و هەڵامەتێکی هەبێت، ئیدی بە تێگەیشتنی خۆی کۆرۆنای گرتووە و دەبێتە سەرچاوەی بلاّوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو هاووڵاتییان و بگرە نێوەندەکانی خوێندنیش. هەمووومان دەزانین ئەم پەتایە، نیشانەکانی زۆر نزیکن لە هەندێك پەتای دیکەی وەرزی و گەلێك نەخۆشی دیکەش کە بە گشتی سیی و قورگ دەگرێتەوە. کەواتە مەرج نییە هەر کەسێك نیشانەیەکی لەم نیشانانەی هەبوو، بتۆقێت و

به هەڵەداوان بچێتە نەخۆشخانە و پشکنینی ڤایرۆسەکە بکات. هەمووومان دەزانین، ئەگەر ڤایرۆسەکە کاریگەریەتی نەکاتە سەر سییەکان و هەناسە ڕانەگرێت، زۆر ئاساییە وەك هەر نەخۆشییەکی دیکە تێ بپەڕێندرێت. بۆیە ئەم هەموو ترس و تۆقینەی ناوێت. ئێستا ئەم ڤایرۆسە، بۆتە بەشێك لە کۆمەڵگە، هەرچۆنێك و بەهەر جۆرێك بێت، دەبێ لەگەڵی هەڵکەین. باشترین وگونجاوترین ئەو هەڵکردنەش، تاك پارێزیی و خۆپارێزییە. ئیدی چەند خۆمان لە نەخۆشییەکان بپارێزین، ئەوەندەش دوور دەکەوینەوە لە تووش بوون بە نەخۆشییەکان. بڕوام وایە ئەگەر مامۆستایان و قوتابییان بە شێوەیەکی تەواو و بنەڕەتی پەیوەست بوونە بە ڕێگاکانی خۆپارێزی، ئەوا نە دەرگای قوتابخانەکان دادەخرانەوە، نە ئەو ڕێژە زۆرەش تووشی پەتاکە دەبوون.

⋆ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:_**

★ زمان و شێوەزارەکان/ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

★ سێبەری وشە/ کۆمەڵە وتار.

★ ڕوانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ شاعیرێك لەنێوان مەرگ و ژیاندا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ گەران بەدوای جیهانێکی دیکەدا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لە غوربەتی شوێنەوە بۆ غوربەتی ڕوح/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لەو دیو پەیڤەکانەوە/ لێکۆلینەوەی ئەدەبی.

★ پەیڤەکان دەدوێن/ خوێندنەوەو ڕانانی کتێب.

★ پەروەردەی ڕواندز لە دە ساڵەی تەمەنیدا/ناساندن.

★ لە سێبەری کتێبدا/ خوێندنەوەو ڕانانی کتێب.

★ کۆرۆنا/ کورتە وتار.

★ چالاکییەکانی پەروەردەی ڕواندز.

★ دیدی باو/ لێکۆڵینەوەی شیعریی.